# بارزانییەکان
# لە راگوستنەوە تاکو جینۆساید
# بەپێی بەڵگەنامەکان فەرمی و
# مێژووییەکان

**کوردستان-چەمچەماڵ**

**کۆنفرانسی جینۆساید لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە**

**نیسانی ٢٠١٦**

**نوسینی :عەدالەت عومەرسالح**

## فهرست


پێشەکی 3

بەشی یەکەم 5

باسی یەکەم: راگواستن ونفی کردن لە عێراق و تورکیا (١٩٠٧-١٩٤٥) 5

باسی دووەم : راپەرینی دووەم( ١٩٤٥-١٩٦٠ ) 14

باسی سێیەم: روخاندن و راگواستن وکوشتار( ١٩٦٠-١٩٧٤ ) 21

باسی چوارەم: راگواستن وکۆچپێکردنی زۆرەملی و جینۆساید( ١٩٧٥-١٩٩١) 27

بەشی دووەم 43

باسی یەکەم : قۆناغی دوای جینۆساید و ژیانی ئافرەتان و منداڵان 43

دەرئەنجام 45

پێشنیار و راسپاردەکان 48

## پێشەکی

گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی هیچ کاتێك لەخەبات و تێکۆشان سڵی نەکردوەو لەو ڕێگا سەخت و ناهەموارەشدا گەلێك شۆڕشی بەرپا کردوەو کۆمەڵێك قوربانی داوەو خوێنێکی ئێجگار زۆریشی ڕشتووە، دیارە ئەوخەبات و بەرخودانەی کوردان بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە خاك و ولات و مۆرکی نەتەوایەتی بوە، بەڵام هەمیشە دوژمنان و داگیرکەران بەوە گەلی کوردو شۆرشەکەیان تاوانبار کردوە کە گوایە ئەم بزوتنەوانە جیاوازیخوازان و بە کرێگیراوی زایۆنیزم و ئیمپریالزمن و دەیانەوێ خاکی وڵات پارچە پارچە بکەن و سەروەریشی بشێوێنن.

جێبەجێکردنی جینۆساید لە کوردستاندا لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەرامبەر بە ڕەگەزی کورد هەر بە تەنها بە هێرشەکانی ئەنفالەوە نەبەسراوەتەوە، ئەگەر چی جینۆساید لەمەیاندا گەیشتۆتە لوتکەی تاوان و پێشیلکاری دژ بە گەلی کوردستاندا، بەڵام سیاسەتی کۆچ پێکردنی زۆرە ملی گوندنشینەکان و وێرانکردنی لە ماوەی نێوان ١٩٣٦تا ١٩٩١ دوو دیاردەی ئاشکرای پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤن و لەنیازەکانی جێبەجێکردنی تاوانی جینۆسایدن کە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پیادەی کردوون، هەروەها دیاردەکانی کۆچ پێکردنی زۆرە ملی کوردەکان لە کوردستان بەمەبەستی بە عەرەب کردنی ئەو ناوچانە، دەرکردنی دەیان هەزار کوردی فەیلی وجینۆسایدکردنیان لەساڵەکانی (١٩٣٦تا١٩٨٠)بە چەند قۆناغ بەرەو ئێران، هەروەها ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان هەر لەسەردەمی عوسمانیەکان تاکو بەعسی دیکتاتور کە هەزاران شەهید و قوربانی و بێ سەرو شوێنکردنی نزیکەی (8) هەزار نێرینەی بارزانی لە ساڵی 1983 دا لێکەوتەوە، تەنها بەتاوانی کوردبوونو بارزانی بوونیان،ئەوانە هەمووی تا دەگاتە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و تاوانی جینۆساید و ئەنفال لە ١٩٨٨ و کۆرەوە ملیونیەکەی بەهاری ١٩٩١ و بەڵگەی حاشاهەلنەگرن بۆ تاوانبارکردنی ڕژێمی عێراق بە تاوانی قڕ کردنی بە کۆمەڵی ڕەگەزی کورد وبەدەنگ و بە تەنگەوە هاتنی

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وبە جینۆساید ناساندنی هەموو ئەو تاوانانە کە لە سەدەی بیستەم بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە ،دیسان بەڵام بە داخەوە بێدەنگی و بێرەنگی زیاتر لە ٩٥% ئەندامانی ئەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە وای کرد لە ساڵی ٢٠١٤ جارێکی تر کورد لەسەر خاکەکەی خۆی بە دەست هێزێکی تیروریستی بێ سنووری وەک رێکخراوی تیروریستی ناسراو بە داعش دووچاری کردەوەی جینۆساید ببێتەوە و ئێزیدیەکان و مەسیحیەکان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر بە هۆی بیروباوەری جیاوازبکەنە ئامانج و هەزاران خەڵکیان دەربەدەرو ئاوارە ماڵوێران کردو بەسەدان کەس کۆمەڵکوژ کران و بە هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی رفێنران لە بازارەکان وەک کنیزە و جاریە فروشران و دەستریژیان کرایە سەر و جارێکی تر نەخشەی گۆری بەکۆمەڵیان کێشایەوە.

بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژوو لە چوارچێوەی ئەو لێکۆلینەوەیە ئەمجارەیان ئاماژە بەو زوڵم و ستەمانە دەدەین کە بەسەر ناوچەی بارزان و دانیشتوانیدا هاتووە ،ئەم باسەی بەردەست کورتکراوەی کتێبێکی بەردەستمە لە چوار بەش و شەش باس پێکهاتووە و ئامادەیە بۆ چاپ کە لێرەدا لە دوو بەش و پێنج باس کورتم کردوتەوە. لێکۆڵینەوەکە کۆتایی دێت بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە لەگەڵ هەندێك لە پێشنیارو ڕاسپاردە بەو هیوایەی جێگای خۆیان گرتبێت و بە دواداچونیشی لە دوادا هەبێت، هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هاتوو هەر کەم و کوڕییەك لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدیکرا، هاوکات بە ڕەخنەو تێبینییەکان لێکۆڵینەوەکە بەهێزترو پوخت تر دەبێت، لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بەشێك لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانمە سەبارەت بە خستنەڕوی هەندێك لە زانیاریو ڕاستی لەسەر جینۆساید و ئەو نەهامەتی و مەینەتیانەی کە کەس وکاری جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەستیانەوە دەناڵێنن ئەنجام بدەم.

عەدالەت عومەر

بەهاری ٢٠١٦

# بەشی یەکەم

بەپێی بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکان ناوچەی بارزان وبارزانییەکان لە ماوەی سەدەی رابردوو دووچاری راودوونان، راگواستن و لەناوبردن و کۆمەڵکوژی بونەتەوە کە دەتوانین بە چوار قوناغ دابەش بکرێت :

## باسی یەکەم: راگواستن ونفی کردن لە عێراق و تورکیا (١٩٠٧-١٩٤٥)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن هێزی سوپای عوسمانی بە سەرکردایەتی فەریق (فازل پاشای داغستانی) کە والی بەغدا بوو پەلاماری دەڤەری بارزانیاندا و ناوچەی بارزان و گوندەکانی سوتاند و ئەوەی هەبوو تاڵانیان کرد، تەنانەت ژن و منداڵیشیان بە دیل گرت لەم رووداوە دایکی مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ خۆی کە تەمەنی سێ ساڵان بوو لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی کران[1] و بنەماڵەی بارزانیەکانی دیکەش راگوێزران بۆ موسڵ و ١٢٠ بارزانی تریش دەستبەسەرکران[2]. و لەجیاتی بارزانییەکان چەند هۆزێک زەوی و زاری شێروانیەکانیان لە لای رۆژ هەڵاتەوە داگیر کرد و هێزە سەربازییەکانیش لە بەرەی دووەمی دینارتە پێشرەویان کرد و هەموویان لە جەرگەی دەڤەری بارزان یەکیان گرتەوە وماڵوماڵاتیان تاڵان کرد و خانووو و زەوی و زاری بارزانیان سوتاند[3].

[1]. عبدولرحمان مەلا حەبیب،عەشیرەتی بارزان لە نێوان (١٩٩١-١٩٣١) چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠١،ل٥٤.
[2]. کۆنگرەی سەد ساڵەی بارزانی نەمر ،فایق ئەبو زید ،ل١٤٥
[3]. هەمان سەرچاوە ،ل١٥١

له ساڵی ١٩٠٩ سوپایەکی گەورە بە یارمەتی بەکرێگیراوەکان و جاشە کوردەکان پەلاماری بارزانیان دا[4].

له ساڵی ١٩١٣ جاریکیتر سوپای عوسمانی هێرشیان کردە سەر بارزان ئەمەش بووە هۆی شەهید بوونی ١٥ کەس و ئاوارەبوونی شێخ عبدالسلام و هەندێک لە بارزانیەکان بەرو کوردستانی رۆژهەڵات و دیسان سوپای تورک گوندەکانیان لەدوای تاڵان کردن ئاگر تێبەردا[5].

له پاییزی ١٩١٤ له پاش دەستبەسەرکردنی شێخ عبدالسلام بەرو زیندانی موسڵ بەرێکرا و لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤ لە دادگایی کردنێکی سەرپێ و کارتونی بە بێ فەرمانی باب عالی و بە فەرمانی والی موسڵ [6] سلیمان نەزیف حوکمی لەسێدارەدان بەسەر خۆێ و سێ لە هاورێیەکانی دا ، لە زیندان والی موسڵ کە کورد بوو سەر بە ئیتحادەکان بوو بە شێخی گوتبوو حکومەت دەسەڵاتدارە هەر زەرەرێکی پێ بکەوێ دەتوانێت دەقاتیش تۆڵە بستێنێت ،بەڵام هەر زەرەرێک بە تۆ بکەوێ بە هیچ قەرەبوو نابێتەوە و چاری حکومەتیش بە تۆ ناکرێت. ئەویش لە وەڵامدا وتبووی من لە پێناو ئازادی گەلی کورد هەموو ئازارێک دەچێژم بۆ چی مافی کورد نادەن؟!.

له ساڵی ١٩٢٠ کار بەدەستانی ئینگلیز بریاریاندا دەستێکی کوشندە لە بارزانییەکان بوەشێنن و گەورەترین عەشیرەتی کورد بسرنەوە تا رێگە بۆ نیشتەجێ بوونی ئاشورییەکان تەخت ببێ بە بیانووی ئەوەی ئاشوورییەکان تەنیا لە ناوچە شاخاوییەکان دەتوانن نیشتەجێ بن [7].

لێرەدا نەخشەی سرینەوەی بەریتانیا بەرامبەر بە بارزانیەکان روونتر دەردەکەوێت کە بە هەر شێوازێک ئەم دەڤەرە بە بارزانیەکان چۆل بکات، بەڵام ئاشورییەکان هەموویان بەم

---

4. مەسعود بارزانی ،بارزانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد(١٩٣١-١٩٥٨)،ورگیرانی سەعید ناکام،چاپی یەکەم،چ.خەبات.دهۆک ١٩٩٨ ل٢٢
5. هەمان سەچاوەی پێشوو،ل٢٣
6. پەرتووکی کۆنگرەی سەدساڵەی بارزانی ،عەلی تەتەر نێروەیی.ل٢٩
7. مەعروف چیاوک،کارەساتی بارزانی زۆلێملێکراو،وەرگێرانی ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل،چ.روشنبیریو لاوان،چ.دووەم،هەولێر ٢٠٠٩،ل٥١

کارە رازی نەبوون وهەندێکیان نەیانویست ئەو پەیوەندییە میژووییە نێوان خۆیان و بارزانیەکان تێکبدەن[8] و گەرانەوە بۆ زێدی رەسەنی خۆیان و بەم کارە نەخشەی بریتانیای پۆچەڵ کردەوە.

یەکەم راپەرینی بارزان ساڵی ١٩٣١- ١٩٣٢ لە ئەنجامی هێرشەکانی حکومەت بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بریتانیا و بۆمباران کردنی بەردەوامی دەڤەرەی بارزان بوو، لە (١٩٣١\١٢\١٩) تاخمێک هێزی عێراق بریتی بوون لە ٢ تۆپ و هەندێک رەشاش مەڵبەندی بارزانیان گەمارودا و بۆ رۆژی دواتر هێزی ئاسمانی ئینگلیز ئاواییەکانی بارزانیان بۆردومان کرد[9] بارزان روبەرووی پەلامارێکی کوشندەی سەربازگەی بلە بووە کە بەم هۆیە بارزان راپەری[10] .

مەعروف چیاوک لە ساڵی ١٩٣١ راپۆرتێکی[11] لە ٨ خاڵ و ٣ پێشنیار بۆ چارەسەر بۆ جەمال مەدفەعی سەرۆکی ئەوسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوسیوە کە زۆر بە تێر و تەسەلی باسی لە بارۆدۆخی ئەوکاتەی دەڤەری بارزانی کردوە تیشکی خستووتە سەر زۆڵم و زۆرداری دەرحەق بە بارزانیەکان دەکات و دەڵێت" ئەوان ناپاک و یاخی نین،نەریتە کۆنەکان و زانینی ئەوان بە مەرامی ئینگلیز و سەرباری ئەوەش شێوازی بەرێوبردن لەو ناوچانەدا وای لێکردوون سەختگیر بن و ئەو شتانە رەت بکەنەوە..هەروەها لە بەشێکی دیکەدا هاتووە" لای ئێوە شاراوە نیە کە کوردەکان هەموویان هەر لە شوانێک بگرە تا سەرۆکێک لەو باوەرەدان کە تاوانبار کردنی بارزان بە یاخیبوون و سوپا ناردنە سەریان بە ئاماژەی ئینگلیز بەرێوەدەچێ ،دەزانن ئەوماستە موویەکی تێدایە چونکە وەکو رووداوەکان نیشانی دەدەن،ئینگلیز مەرامی تایبەتی خۆی هەیە لە راگواستنی بارزانیەکان.

---

[8].مسعود بارزانی.هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢
[9].کریس کۆچیرا،مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا،وەرگێرانیمحەمەد ریانی،چاپی دووەم،رێبەندانی ٢٦٠٣ کوردی،چ.سەدەف تارا .ل١٩٥
[10].مسعود بارزانی ،هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل١٥
[11].مەفروف چیاوک هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ١٥٥

مەعروف چیاوک لە راپۆرتەکەی داوای کشانەوەی سوپا و دەرکردنی لێبووردنی گشتی و ئەنجامدانی چاکسازی سپاردنی ئیدارەی ناوچەکە بە خۆیان دەکات و دەڵێت" هۆکاری روبروو بوونەوەی بارزانیەکان لەگەڵ سوپا کەوتنەوەی زیانی گیانییە چونکە سوپا تەنگی بەوان هەڵچنیوە،بۆیە لەو باوەرن لە ناوچوونیان مسۆگەرە جا چ بەرورووی سوپا ببنەوە یان خۆیان بەدەستەوە بدەن وەک یەک وایە بۆیان .

بۆمبارانی کردنی بەردەوامی حکومەت بە هاوکاری هێزی ئاسمانی بریتانیا (R A F) دانیشتوانی گوندەکانی تیرە و عەشیرەتی (بەرۆژی،نزاری،شێروانی،دۆلەمەری) ناچار کرد بۆ ناوچەی شێروانییەکانی رۆژئاوای رووکوچک و دەڤەری مزوورییەکان کۆچ بکەن و ئامادە باشی وەرگرن بۆ ئەوەی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١ بەرو تورکیا کۆچ بکەن[12].

لە نیسانی ساڵی ١٩٣٢ ناوچەی بارزان بۆمباران کرایەوە بەتایبەتی گوندی بارزان ، ژن ومنداڵ و بەتەمەنەکان کە نەیان توانیبوو دەرچن هەموویان لە ژیر بۆمبای حکومەتە ئیسلامییەکەدا پارچە پارچە بوون، لە رۆژی ٢٤-٢٦ ی مایسی هەمان ساڵدا بەیاننامە بە هۆی فرۆکە بڵاوکرایەوە تاکو ئەو ناوچەیە و باشوری رۆژهەڵاتی مزۆری باڵا خۆیان بدەن بە دەستی حکومەتەوە بەڵام ئەوەی سەیر بوو لە رۆژی ٢٥ مایس فرۆکەکانی هێزی بریتانیا بۆردوومانی گوندو دیهاتەکانی ئەو ناوچەیان دەکرد، مرۆڤ و مەرو ماڵات وهەر شتێکی بەرچاو بکەوتایە بە هێزی چەکداری بارزانیان دەزانی و دەی کوشتن[13].

لە ٢٧ مایس بە هۆی بۆردوومانی بەردەوام بارزانییەکان پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکان کە تا گەیشتنیان بە دەیان ژن و منداڵ لەبەر بۆمبای فرۆکەکان بەسەریەکدا دەکەوتن،لە ٣١ مایس هێندێ لە خێزان و منداڵی ناوچەی بەرۆژ هاتنە ناو ئاواییەکان و خۆیان دا بەدەستەوە. ئەو کوشتارە تا رۆژی ٩ حوزەیرانی ١٩٣٢ بەردەوام بوو، کوشتارەکە وا بێ بەزییانە بوو

---

[12] . موراد حەکیم محەمەد،ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسی راگۆاستنی کورد لە عێراق لە سەدەمی بەعس،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی ٢٠٠٤،ل١١٣

[13] .عەلائەدین سەجادی،مێژووی راپەرینی کورد،چ.ئێران –شاری کورد،چاپی دووەم ساڵی ١٩٩٦،ل١١٠.

که شێخ محەمەد صدیق بریاری دا خۆی بدات بە دەستەوە تاکو بۆمباران راوەستێ بەڵام نە حکومەتی عێراق نە ئینگلیزەکان ئەم قسەیان وەرنەگرت[14].

خێزانە بارزانیەکان لە دۆلی زێت کۆ دەبنەوە بۆ چوونە ناو خاکی تورکیا بەڵام هێندێکیان بریاریاندا لە چۆل و چیاکان بمیننەوە و هێندێکیان گەرانەوە ناو گوندەکانیان کە زورتریان بەتەمەنەکان بوون کە نەیان دەتوانی ئەم رێگا سەخت دوژوارە ببرن بە پێی بریاری شێخ ئەحمەد گەرانەوە بۆ گوندەکانیان. لە ١٩٣٢\٦\٢١ دوا خێزان گوندی زێت بەجێدەهێڵن و دەچنە گوندی گرانە لە دیوی سنوری تورکیا ژمارە خێزانەکان ٤٠٠ خێزان دەبوون، حکومەتی تورکیا ئەوانی بەرو ئەرزەروم راگواستن و شێخ ئەحمەد لەگەڵ پیاوەکانی راگوێزران بۆ ئەدەرنە لە سەر سنوری نێوان تورکیا و بۆلغاریا [15]، ئەمەش یەکەمین دەرکردن و راگواستنی بەزۆری کوردان بوو دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و نفی کردن لە دەوڵەتی تورکیا.

باری گوزەرانی خێزانە پەناهەندە بارزانیەکان بە هۆی فشاری دەوڵەتی تورکیا تا دەهات لە گشت روویەکەوە زیاتر بەرو خراپی دەچوو و چەندین کەسیان کوژران و خێنکێنران و هێندێکیش بە هۆی سەختی رێگا گیانیان لەدەست دا.

پاش یەک ساڵ بۆ تورکیا دەرکەوت کە ئینگلیز دەیەوێت ئاشوورییەکان لە سەر خاکی بارزان نیشتەجێ بکات ،بەم کارە نیگەران بوو هەستا بە گواستنەوەی بارزانیەکان لە ئەدەرنە بۆ ئاکۆیان لەسەر سنوری بارزان[16].

لە پەلامارە سەربازییەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی بریتانیا بۆ سەر ناوچەی بارزان لە بەرۆژ و شێروان و مزۆری ٧٩ گوند وێرانکرا لە کۆی ٢٣٨٢ خانووبەرە ١٣٦٥ خانوویان سوتاند[17] و بە سەدان کەسیش کوژران.

---

[14].هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١١
[15].مستەفا جوندیانی ،کتێبی کۆنگرەی سەدساڵەی بارزانی نەمر،بەشی دووەم هەولێر،٢٠٠٣. ل١١٢١
[16].مەعروف چیاوک ،هەمانسەرچاوەی پێشوو،ل٨٣

له بهاری ساڵی ١٩٣٣ پەیمانێک له نێوان (عێراق و تورکیا و ئینگلیز) مۆرکرا ،حکومەتی تورکیا ٨٦ کەسی له شێخانی بارزانی دایه دەست حکومەتی عێراقەوه لەوانەش شێخ ئەحمەد ،مەلا مستەفا و شێخ محەمەد سدیق و بابۆ و منداڵەکانی شێخ عبدالسلام و هەموو خێزانەکانیان" که راگوێزران بۆ موسڵ ئیدی قۆناغی دورخرانەوه و دەستبەسەرداگرتن دەستی پێکرد[18].تا ساڵی ١٩٣٦ له موسڵ مانەوه دواتر بۆ بەغدا و و پاشان رەوانەی ناسریه کران[19]، سەرئەنجام له هەمان ساڵدا مۆڵەتی گەرانەوەیان بۆ کوردستان پێدرا بەو مەرجەی هەر له سلیمانی دابنیشن[20].

له ٥ی ئابی ١٩٣٥ ئەحکامی عورفی له هەموو ناوچەکانی بارزان راگەیندرا بوو ،و دیوانی عورفی کەوته ئیشەوه و ئەوەی کەوتبا بەر دەستی تۆمەتی بۆ هەڵدەبستن و حوکمی بەسەردا جێبەجێ دەکردن ،هەندێک له سەرۆکەکانی وەکو عومەر گوران ،مەلازاده ئیسماعیل ، محەمەد مەحمود، فارس عەلی و چەندکەسێکی تریش به بێ ئەوه شتێکت ئەوتویان لەسەر بدۆزنەوه فەرمانی خنکاندیان بۆ دەرکردن و زۆریتریش حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاندن، ئیدارەی عورفی وازی نەهێنا و به پێی وتەی موتەسەریفی موسڵ و قایمقامی زێبار ئاژاوەچییەکان کاتێک قبوڵ دەکرێنەوه که :

1. سەرۆکەکان هەموو بدرێن به دەستەوه بۆ دادگایکردن.
2. لەو وڵاتەدا جامانەی سور لابەن و جامانەی شین لەسەر ببستن
3. ئەوانەی یاخیەکان پەنا ئەدەن ئەبی بدرێنه دادگاو تۆڵه بدرێنەوه[21].

---

[17].مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد،چاپی سێیەم، سلیمانی،٢٠٠٦.
[18].مەسعود بارزانی ،هەمان سەچاوەی پێشوو،ل٤٩
[19].عەبدلرحمان مەلا حەبیب.هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٧٦
[20].ئارچی رۆزڤێلت، کورد له یاداشتەکانی ئارچی رۆزڤێلت دا،و. کارزان محەمەد، بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێران،ج.یەکەم،سلیمانی،٢٠٠٣،ل١٥
[21].عەلائەدین سەجادی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٢

له شوباتی ١٩٣٦ خلیل خۆشەوی و ٣٠ له هاوڕێیەکانی زۆر بێ بەزەییانە شەهید دەکرێن. هەر له هەمان ساڵدا حکومەتی عێراق شێخ ئەحمەد و خیزانەکانیان له ناسریه بۆ ئاڵتون کۆپری و کفری پاش مانگێک بۆ سلیمانی راگوێزران[22].

بارزانیەکانیان له سلیمانی بۆ ماوەی ٧ ساڵ خراپترین و چەوساوەترین ژیانیان بەسەر برد ،حکومەت کارێکی وای کردەبوو کە تەنانەت خەڵکی مەدەنیش نابی قسەی لەگەڵدا کردەبان هەموویان له برسان و له روتیا مەجوس بەزەیی پێیاندا دەهاتەوه[23].

معروف چیاوک[24] لەم بارەیەوە نوسیویەتی : بەهۆی توندی گەمارۆدانیان دوچاری جۆرەها نەخۆشی ببوون وەکو کوێری، زەردوویی و مالاریا و هیتر...هەروەها دەڵێت" له ساڵی ١٩٤٣ کاتێک به هێندێک کاروباری تایبەت به یانەی پێشکەوتنی کوردی چوم بۆ سلیمانی هەواڵی بارزانیەکانم پرسی پێیان گوتم له خراپترین حاڵدا دەژین، نه حکومەت بەشی ژیانی خۆیان دەداتی و نه مۆتەسریف ریگا به خەڵکی دەدات به پیی توانا یارمەتیان بدەن، ئەو کات شێخ مستەفا قەرەداغی مۆتەسەریفی سلیمانی بوو .من سەرم زۆر سۆرما وبەلامەوه سەیر بوو کە ئەوە هەڵوێستی قەرەداغی بێت بەرامبەر ئەو ستەملیکراوانە، بۆیە گوتم لەوانەیه راست نەبێت. چونکە لەگەڵ بەرێوەبردنی حەکیمانەی ئەو نایەتەوە. جگە لەوەش به خۆشی کوردە ، پاشان رووم کردە ماڵی شێخ ئەحمەدبارزانی و گوتی کەی هاتووی و چۆن هاتووی چونکە سەردانی ئێمە به فەرمانی مۆتەسەرف قەدەغەیە،معروف چیاوک دەنوسێ بینیم زۆر له ئازار دایە".

هەر لەو ساڵەدا مەلا مستەفا لەگەڵ دوو کەس به ناوەکانی مستەفا عەبدوڵا و سلیمانە سۆرلە سلیمانی به نهێنی له رێی پنجوێن، بانە ،سەردەشت، پەسوێ، ناودەشت، سێلکێ سریشمە، بارزان له ماوەی هەفتەیەک به پێی گەیشتنەوە بارزان و چەند سکاڵا نامەیەکی به راوێژی

---

[22]. عەبدلرحمان مەلا حەبیب.هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٧٧
[23]. عەلائەدین سەجادی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٣
[24]. مەعروف چیاوک ،هەمانسەرچاوەی پێشوو،ل١٦٦

حیزبی هیوا بۆ حکومەتی عێراق نووسی و تیدا داوای پێشخستن و چاککردنی باری روشنبیری و ئابووری کوردی کرد ،حکومەتی عێراق گوێی بەو سکاڵا نامەیە نەدا بەڵام لە ١٩٤٣\١١\٦ بە هێرشێک سەربازی وەڵامی دانەوە.لە هەمانکات جارێکی تر شێخ ئەحمەد و مریدەکانی لە ترسی پەیوەندی کردن بە مەلا مستەفا بارزانی گواستەوە بۆ حیللە [25] کە ژمارەیان ٩٠ کەس دەبوو.

لە سەردەمی پاشایەتی و لە ساڵانی ١٩٤٢ تاکو ١٩٤٥ ناوچەی بارزان چەندین جار شاڵاوی بەربڵاوی سەربازی کراوەتە سەر، چونکە شۆرشیان دژی پاشایەتی و ئینگلیزکان کە دروستی کردە بوون و مافی کوردیان پێشێل دەکرد ئەنجام داوە، ئەفسەر ئینگلیزەکان سوپای عێراقیان رابەری دەکرد لەوانەش ژنراڵ ربنسون لە ١٩٣٢ و ژنراڵ رانتن لە ١٩٤٥ دا[26].

حکومەتی عێراق لە لایەک ناوچەی بارزانی لە گشت خزمەتی فێرکاری و تەندروستی و کشتوکاڵی بێ بەش کردە بوو و لە لایەکی تر فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی بریتانیا گوندی پر لە ژن و منداڵی بۆردوومان دەکرد و گرتن و دەستبەسەر کردن و دورخستنەوەش هەر بەردەوام بوو. بۆ نمونە دەسکو حادی کە لە ساڵی ١٩٤٠ لە بلێ دەستگیر کرا و لە کەرکوک زیندانی کرا،دواتر بە دەرزی ژەهراوی زۆر درندانە شەهیدکرا.

لە ئابی ١٩٤٥ مەلامستەفا بارزانی بەیانێکی لە شێوەی سکاڵا بۆ سەرۆک و باڵوێزخانەکان نارد کە لە ٨ خاڵ پێک هاتبوو کە تیدا باسی جێبەجێ نەکردنی پەیمانەکانی حکومەت کرا بوو، سەرای گوێراڵی و دان بەخۆداگرتن و چاوەرێ کردن هەمووی بە پێچەوانە دەرچوون، لەکۆتایش هیوای پاڵپشتی و یارمەتیدانی بۆ نەتەوەی کورد داواکردە بوو[27].

لە ١٩٤٥\٨\٨ وەزارەتی پاچەچی بریارێکی دەرکرد:

25.مەعروف چیاوک ،هەمانسەرچاوەی پێشوو.ل١٦٥.
26.مەسعود بارزانی هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٦
27.مەعروف چیاوک ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٤

له خاڵی( ٤ ) برگەی (ز) بریار دراوە: ((یارمەتی پارە لە بارزانیەکان ببردرێ و خواردنیش لە خۆیان و تاقمەکەیان ببردرێ و بۆیان نەچێ)). لە برگەی (ی) هەمان خاڵدا هاتووە (( داوابکرێ فرۆکەخانەی موسڵ لە ئینگلیز بسەندرێتەوە بە پەلە تا هێزی ئاسمانی عێراق سودی لێوەربگرێ دژی ناوچەی بارزان))[28].

لە ١٩ی ئابی ١٩٤٥ ئەنجومەنی وەزیران بریاری ئەحکامی عۆرفی لە شارەکانی موسڵ و هەولێر و قەزای زێبار و ناوچەکانی دەوروپشتی نوێ کردەوە و بەتالیونەکانی سوپای عێراق بەرەو کوردستان هەڵکشان و دووبارە بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەستیان بە لێدانی خەستی بارزان کردەوە[29].

لێرەدا هەموو ئەوانەی خرایە بەر باس بەتایبەتیش لەم دوو برگەیە و ئەحکامی عۆرفییش بۆمان دەردەکەوێت کە هەر لە سوپای عوسمانی تاکو رژێمی پاشایەتی بە هاوکاری و پیلانی هێزەکانی سوپای ئینگلیز بە مەبەستی لە نێو بردنی بارزانیەکان جگە لە گەمارووی سەربازی و بۆمبابارانی هەوایی و گرتن و راگواستن و کوشتاری خەڵکی سێڤیل و وێران کردنی گوندەکان و سوتاندنی ژینگە و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە هەستاوە بە قەدەغە کردنی خوراک و یارمەتی ئابووری ئەمەش وێنەیەکی ئاشکرای جینۆسایدی فیزیکی و ئابوورییە لەو سەردەمەدا.

[28]مەسعود بارزانی هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٨ . .

[29]. فەوزیە سابیر،پەرتوکی کۆنگرەی یادی سەدساڵەی بارازنی نەمر،ل٩١

## باسی دووەم : راپەرینی دووەم( ١٩٤٥-١٩٦٠ )

لە دوای کۆتایی هاتنی شۆرشی  ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) راگواستنێکی تری بارزانیەکان دەستی پێکرد، خێزانە بارزانیەکان ناوچەی (بەرۆژ و نزار) لە چیای شیرین پەرینەوە بەرەو کانی رەش کە بە راپەرینی دووەمی بارزانیەکان ناسراوە، فرۆکەکانی فەرمانرەوای بەغدا و ئینگلیز بەردەوام بۆردوومانی ماڵ وخێزانەکانیان کرد و تەنانەت گوندە چۆلکراوەکانیان رووخاند و سوتاند، ژمارەیەک ئافرەتی سکپر و منداڵ لە رێگا گیانیان لەدەستدا هەندێکیان بە بۆردوومان و هێندێکیان لە برسان و لە سەرمان[30]. هێزە ئاسمانیەکانی بریتانیا  پێنج گوندیان بەتەواوی لەگەڵ خاک یەکسان کرد و بارزان و ٥١ گوندی دیکە زیانێکی فراوانیان بەرکەوت[31].

لە ١٩٤٥\١٠\١١ بارزانیەکان لە رێگەی کێلەشین مەرگەوەرەوە چوونە ناو خاکی ئێران بەڵام تا ئاودیوبوونیان فرۆکەکان دەستیان لە بۆمبارانی خەڵکەکە هەڵنەگرت.

لە راپۆرتێکی نێردراوی کۆنسولی عێراق لە تەورێز ژمارەی خیزانە کوردەکان بارزانیەکان کە خاکی عێراقیان جێهێشتووە بۆ ووڵاتی ئێران بەم شێوەی خوارەوە دیاری کراوە:

- ١٥٠ خێزان لە بۆکان نیشتەجێ کراوەن
- ١٥٠ خێزان لە ناوچەی سولدز و مەهاباد
- ١٠٠ خێزان لە مەهاباد

[30].مەسعود بارزانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٩
[31].د.جۆیس بلۆ،دۆزی کورد،وەگێرانی کارزان محەمەد،چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،سلیمانی٢٠٠٤،ل٨٣

له هەمانکاتدا ١٠٠٠-١٥٠٠ له شنو و نەغەدە نیشتەجێ کراون[32].

له راپۆرتێکی رێپێدراوی پاشایەتی عێراق له تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە هاتووە: ژمارەی ئەوانەی لەگەڵ بارزانی چوونە ئیران (٢٠٠٠) کەسن کە هەزاریان چەکدارن، هەروەها دەڵێت ژمارەی پەنابەران روو له زیاد بووندایە[33].

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە هەر خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات (ئێران) له پێشکەش کردنی هاوکاری بە بارزانیەکان درێغیان نەکرد، بەڵام بارزانیەکان لەرووی ئابوورییەوە زۆر نالەبار بوو[34] و لەرووی تەندرووستی له بارودۆخێکی خراپ ژیانیان دەگوزراند. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ خراپی باری ئابووری خەڵکی ناوچەکە لەو سەردەمەدا بە هەنگاونان بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو.

هەر وەک له راپۆرتێکی دیکەی عێراق له تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە ئاماژەی بە بارودۆخی خراپی بارزانیەکان بە تایبەتی له مەهاباد بەم شێوەیە کردوە:" ئەوان پێخواس بوون هیچ پێداویستیکی ژیانیان نیە"[35].

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا له ناویان وەک قەڵاچووکردنێکی بارزانیان ئەژمار دەکرێت نەخۆشی تیفوئید له ناویاندا له شەش مانگی یەکەم ساڵی ١٩٤٦ بووە هۆی گیان لەدەستدانی ١٥٠٠ کەسیان.تا ساڵی ١٩٤٧ ئەو نەخۆشیە بەردەوام بوو و دواجار ژمارەیان گەیشتە ٢٠٠٠ کەس بە جۆرێک کە وای لێهات زۆربەی گوند و ئاواییەکان کوردستانی رۆژهەڵات له ناوچەکانی مەهاباد و شنو و بۆکان نەما کە گۆرستانێکی بارزانیەکانی لێ نەبێت[36].

---

[32].د.فەوزیە سابیر،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٩١
[33].هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٩٢
[34].شەوکەت شێخ یزدین،لە مهابادەوە..بۆ ئاراس،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠١،ل١٤
[35].د.فەوزیە سابیر ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٩٢
[36].مەسعود بارزانی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٦

ئامۆشوف سەرکونسولی سۆفیەت لە رەزاییە دەڵێت[37]: زستانی پر لە سەرما وسۆڵەی ١٩٤٥-١٩٤٦ بۆتە هۆی ئاڵۆزتر کردنی باری ژیانی هەڵاتووەکان و بە تەواوی شوێن و جێگایان بۆ جێبەجێ نەبووە، زۆربەیان بێ پێڵاو و بێ جل وبەرگن لە ناویان نەخۆشی گەدە و ریخۆلە بڵاوە".

لە دواین ئامارەکان وا پێشان دەدات ئەو بارزانیانە ئاوارەی کوردستانی رۆژهەڵات بوون گەیشتە زیاتر لە ١٠٠٠٠ دەهەزار کەس، لە ئەنجامی بلاوبوونەوەی نەخۆشی تیفۆئید هەروەها بەرگریکردن لە کۆماری مەهاباد ٤٩% بارزانیەکان لە ناوچوون[38].

لە ١٩٤٧\٣\١٨ حکومەتی ئێران کەوتە بۆمبارانی ئەو گوندانەی کە پێیان وا بوو ژن و منداڵی بارزانیەکانی تێدایە[39]. لە راپۆرتێکی کۆنسولی عێراق لە تەورێز دا هاتووە:"سوپای ئێران بە قوربانیەکی کەم دەتوانێت لە چەند رۆژیکدا بارزانیەکان لە ناو ببات"[40]، بۆیە کەوتنە بۆردوومانکردنی ئەو شوێنانەی بارزانیەکانی لێبوو. بەڵام بارزانیەکانیش رووبرووبوونەوەیەکی سەخت و ئازایان کرد، تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی( هێزی سەربازی) رایگەیاند ئێران تا ئێستا لەگەڵ دووژمنی هێندە بەهێز شەری نەکردوە. لەو کاتەدا شاە فەرمانی دا بە هەموو هێزێکەوە لە بارزانییەکان بدرێ لە فەرمانەکدا کە لە ٢٠ مارسی ١٩٤٧ دراوە هاتووە:"

بە فرۆکە تەواوی بنکەکان و رێبازی کۆچ و کۆچباری ماڵە بارزانیەکان-ژن و منداڵ- بۆمباران بکەن و دەبی ئەم شەرە تا ٤ی ئەپریلی (نیسان) ١٩٤٧ کۆتایی بێت و کاریکی وا بکەن بارزانیەکان نەتوانن دەرباز بن و لەو زیاتر ئابرۆی لشکر نەچێت"[41].

---

37. ئەفراسیاو هەورامی،پەرتوکی مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی سۆڤیەتدا(١٩٤٥-١٩٥٨)،دەزگای ئاراس،چ.یەکەم٢٠٠٢،ل٥٢
38. موراد حەکیم ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٤
39. مەسعود بارزانی هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٠
40. د.فەوزیە سابیر ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٢
41. د.عەبولرحمان قاسملو،کوردستان و کورد،وەرگێرانی عەبدولا حەسەنزادە،چاپخانەی منارە،چاپی دووەم،هەولێر٢٠٠٦،ل٩١

لەبارەی ئەو بۆردوومانە بەردەوامانەی سەر ژنان و منداڵان شێخ ئەحمەدی بارازن دوو نامە بۆ عەقید نساری و لیوا هۆمایوونی دەنوسێت"و تیدا باس لە شکاندنی یاسای ناو ووڵاتان و مرۆڤایەتی دەکات و داوای راگرتنی ئەو پێشێل کاریانەی کردوە"[42].

لە ١٩٤٧\٤\١٣ بارزانیەکان لە سەر رووباری گادەرنزیک سنوری ئێران و عێراق کۆبوونەوە دەکەن بۆ گەرانەوە بۆ عێراق کە بوون بە دوو بەش ، بەشێکیان خۆیاندا بەدەست و "نوری سەعید" بە ئاگر و ئاسن پێشوازی لێکردن کە شێخ ئەحمەد و چەندین خێزانی تر بوون، بەڵام بەشەکەی تر مەلا مستەفا بارزانی و زیاتر لە ٥٠٠ چەکداریتر رێگای دوارۆژێکی نادیاریان هەڵبژراد.

هەر لە ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن ئەنجومەنی عورفی سەربازی بە شێوەی غیابی حکومی مردنی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و ١١٠ کەس لە هاورێکانی دەرچوو[43].هەروەها حکومەتی عێراق دوای گەرانەوەی بارزانیەکان بۆ عێراق بریاری گرتنی شێخ ئەحمەد بارزانی و براکانی محەمەد سدیق و بابۆ و هەردوو کورەکانی محەمەد خالد و جەمال وبرازیەکانی دیکەی دەرکرد وهەموویان لە ئۆردوگای دیانا گواسترانەوە بۆ گرتووخانەی هەولێر تا پاشتر بدرێن بە دادگای عۆرفی.. ودواتر گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی بەسرە[44]، هەر لەهەمان ساڵ لەو ئۆردوگایە حکومەتی عێراق هەموو نێرینەکانی سەروی ١٨ ساڵیان گرت وگواستەوە بۆ بەندیخانەکانی موسڵ و کەرکوک [45]و بەغدا و... بەگوتەی شاید حاڵەکان ٥٠٠ بارزانی لە کەرکوک و ٦٠٠ ی تر لە موسل و بەغدا دەستبەسەرکران، پاشان ماڵ و منداڵەکانیان بۆ دەشتی هەولێر و رانیە و بادینان راگوێزران[46]، سەرەرای ئەمەش لە ساڵی ١٩٤٩ بە فەرمانێکیتربریار درا ژن و منداڵەکان ئەوەندەی تر دور بخرێنەوە[47]. کۆی ئەو

---

[42].شەوکەت شێخ یزدین،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٣
[43].دانا ئادەم شمیدت،سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان،و.ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل،د.چ.موکریانی،چ.خانی دهۆک،چ.یەکەم.٢٠٠٨،ل٢٤٠
[44].مەسعود بارزانی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٦
[45].موراد حەکیم،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٥
[46]عەبدەلرحمان مەلا حەبیب،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١١.
[47].عەلائەدین سەجادی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٣

خێزانانەی گەرانەوە بۆ عێراق و لە ئۆردوگا تەلبەندکراوەکان دانران (٤٥٦٥) کەس بوون کە (١٥٥٠)پیاو و (١٦٨٦) ئافرەت و (١٣٢٩) منداڵ بوون[48].

خیزانە بارزانیەکان کە لە ئۆردوگای دیانا تەلبەندکرابوون دابەشکران بەسەر چەند ئۆردوگایەکی تر و بەشێکیان هێنرانە شانەدەر و دوروبەری لە ژێر کونترۆڵی سەربازیدا بوون،بۆیان نەبوو بۆ هیچ شوێنێک بچن و بەشێکی تر لە ناوچەی زێبار لە ئۆردوگایەک نیشتەجێ کران کە دردەسەری و ناخۆشی زۆریان دیت بەدەست بەرێوبەری ناوچەکە بەشێوەیەک کە گەچیان لەگەڵ ئارد تێکەڵ دەکرد و زۆر بە توندی لەگەڵیان دەجولانەوە و کاری قورسیان پێ دەکرا[49].

عەلائەدین سەجادی دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٧ چاوم بە نانە کەوتوە کە بەژن و منداڵە بارزانیەکان دەدرا، بریتی بوو لە( ئارد و گەچ )کە تێکەڵاو کرابوون.

خیزانە دوورخراوەکان وەک کوێلە مامەلەیان لەگەڵ دەکرا،جگە لە حکومەت لە لایەن هێندێک لە ئاغاکان و هێندێک لە خەڵکی شارۆچکەکان، بێگومان مەبەستی رژێمیش هەر دروست کردنی پەرتەوازەیی بووە لە نێوان کوردەکان و چاندنی تۆیی دوژمنداری لە نێوانیان، بەڵام خەڵکێکی زۆریش هاوسۆز بوون لەگەڵ بارودۆخی بارزانیەکان و یارمەتیان دەدان.

لە ساڵی ١٩٥٠ ژمارەیک لە پیاوە بارزانیەکان ئازادکران و لە ساڵی ١٩٥٣ رێگەیان پێدرا بگەرێنەوە بۆ بارزان جگە لەوانەی جێگەی مەترسی بوون وەکو شێخ ئەحمەد و نزیکەکانی تا ساڵی ١٩٥٨ رێگەیان پێنەدرا بگەرێنەوە.

---

48. ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٢

49. مەعروف چیاوک،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٨٤

هاووڵاتیەکی بارزانی بەناوی تەها محەمەد عوسمان[50] تەمەن ٨٤ سال خەڵکی گوندی کانیەلنج دەڵێت: باوکم له شۆرش و راپەرینەکانی بارزان وەکو پێشمەرگەیەک خەباتی کردوە پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ ئاوارەی ئێران دەبێت بەشداری کۆماری مەهاباد دەکات و لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەلی گادەر بە گوللەی هێزەکانی ئێرانی شەهید دەبێ و هەر لەوێ دەنێژرێت، من و برام و دایکم لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەراینەوە بۆ کوردستان و دایکم لە ئۆردوگای تەلبەندی دیانا کۆچی دوایی کرد و من و برایەکم لە زیندانی موسڵ و کەرکوک بۆ ماوەی ٢ ساڵ زیندانی کراین.

ئەو هەموو تاوان و چەوسانەوەیە بەسەر بارزانیە گەراوەکان بۆ عێراق رووی دا لە لایەکی تر مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی رێگایەکی سەخت و دژواریان بەرو سنوری عێراق و تورکیا بەرو روسیا کەوتنە رێگا و ٥٠٠ کیلو مەتریان بری لەم رێرەوە مێژووییە کە بە پەرینەوە لە رۆباری ئاراس ناسراوە لە سەرەتای رێگا بە هاورێکانی گوت ئیمە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەرۆین، نازانم لە برسان دەمرین یان گوللەی دوژمن دەمانپێکێ ،واتا مردن نزیکترین تێچوونە بەڵام خوا گەورەیە[51]..."

ئەوان لە پاش پەرینەوە لە رووباری ئاراس چوونە ناو خاکی سۆڤییەت ، بارزانی برا بۆ شاری نەخجەوان لە کۆماری ئەرمەنستان و یاوەرەکانیشی لە ئۆردوگایەکی سەر ئاواڵەی ساکەدەشت دانران کە تەلی درکاویان بەدەور دا هاتبوو سەربازەکان پاسەوانیان لێ دەکردن و نەیاندەهێشت لە سنوری ئۆردوگاکە دوور بکەونەوە و رۆژانە یەکی نیو نان لەگەڵ قاپێک شۆربایان دەدانێ، بێ کەم و زیاد وەک دیلی شەر لەگەڵیان دەبزووتنەوە ، یەک بەیەک بە وردی لێیان دەکۆڵینەوە[52]. بارزانیەکان نزیکەی ٤٠ رۆژ لەو ئۆردوگایە مانەوە پاشان گوزرانەوە بۆ کۆماری ئازەربایجان و بەسەر ناچەکانی ئاغدا ا لاچین ئايالوخ

---

[50] .رێبوار رەمەزان عەبدولا،جینۆساید کردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا،چاپخانەی منارە،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١١

[51] .مەسعود بارزانی ،هەمان سەرچاوە،ل١٨٥

[52] .هەمان سەچاوە ،ل١٩٥

دابەشکران[53]. بارزانی لە نامەیەکدا بۆ میر جەعفەر باقرۆف سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و بەرپرسی کاروباری گەلانی خۆر هەڵات هاتنی خۆی و هاوکارانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت روونکردوتەوە و تێبینی داخوازییەکانی خۆی پێشانداوە[54].

بارزانی لە بەشێک لە نامەکەی کە چەند لاپەرە لە خۆ دەگرێت باسی زوڵم و زۆرداری دژی گەلی کورد دەکات بەدەست ئێران و تورکیا و عێراق کە لە لایەن ئەمریکا و بریتانیا پشتیوانی دەکرێن. هەروەها گلەیی لە کار بەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت دەکات کە لێیان ناپێچنەوە نە لە رابردوو و نە لە ئێستاش کە ماوەی ئەو ٤٠ رۆژەی گەیشتونە سۆڤیەت و منیان لە هاورێکانم جیا کردوتەوە دور خستوتەوە وەکو زیندانی لە ژورێکدام .

بارزانی دەڵێ ئەمانە نوێنەری گەلی کوردی تێکۆشەرن لە پێناو ئازادی و دیموکراتیدا خەباتیان کردوە و قوربانیان داوە،هەروەها داوادەکات مەشقی سەربازی به خۆی و هەڤاڵەکانی بکرێت و دەرفەتی خوێندنی زانستی و مێژوو و جوگرافیا و هەرچی بە کەڵک دێت فێر بکرێن.

لە یەکێتی سۆڤیەت زۆرێک لە بارزانیەکان لەگەڵ ئافرەتانی رووسی ژیانی خێزانیان پێک هێنا کە ژمارەیان زیاتر لە ١٢٥ ئافرەت و ٢٢٥ منداڵ دەبوون کە لەگەڵ پیاوەکانیان هاتنەوە کوردستان و ژیانێکی پر لە چەرمەسەریان گوزراند و چەندین جار بە شێوازی جۆراو جۆر لە لایەن حکومەتی روسیا و عێراق ئازار دران.

ئەو ژن و منداڵانەی هاوسەرەکانیان بەرو یەکێتی سۆڤیەت رویشتن لە کوردستانیش مابوونەوە لە ماوەی ١١ ساڵ چاوەروانی چەندین جار دوچاری راگواستنی زۆرەملی بوون و لە ئۆردووگاکان مەرگیان بە چاوی خۆیان دیت.

---

[53]. هەمان سەرچاوە،ل١٩٦
[54]. هەمان سەچاوە،ل٢٩٧

## باسی سێیەم: روخاندن و راگواستن وکوشتار( ١٩٦٠-١٩٧٤ )

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ عەبدلکریم قاسم رۆژنامە کوردییەکانی یەک لەدوای یەک قەدەغە کرد. بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کار خرا، گەلێک کورد بەندکران،زۆر لە کاربەدەستانی کورد بەتایبەتی لە سوپا وپۆلیس بۆ ناوچەعەرەبیەکان دورخرانەوە ، زۆریش کوژران وجموجۆلی پارتی دیموکراتی کوردستان بەری پێگیرا،چەندین چاوپێکەوتنی بارزانی و قاسم سودێکی نەگەیاند، قاسم سیاسەتی دژەکوردی گرتە بەر و ١٠٠% ی باجی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی زیادکرد[55].

هەروەها پەنای بردە بەر خێڵەکانی دەوروبەری بارزان و چەکی پێدان بۆ بەربەرەکانی دەڤەری بارزان و دەستی کرد بە گرتنی هەندێک لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەم هۆیەش گرژی کەوتە نیوانیان و لە یاداشتنامەیەک لە ١٩٦١\٧\٣١ داوای کار کردن بە بەندی سێی دەستووری کاتی بەزامنکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد و جێبەجێکردنی پاکسازی و گەراندنەوەی کارمەندانی کورد بۆ شوێنەکانیان کرا[56].

لە رۆژانی ٩-١٩٦١\٩\١١ هێزی ئاسمانی عێراق ناوچەی بارزان و هەندێک ناوچەی تری کوردستانی بۆمباران کرد و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد[57]،لە رۆژانی ١٤ و١٦ و ١٨ ی ئەیلول جارێکی دیکە بارزان بۆدومان کرایەوە کە چەند رۆژێک داوی راگەیاندنی شۆرشی ئەیلول بوو، چوار باڵەفڕی جۆری مێگا ١٥ و١٧ گوندی رێزان و

---

[55].جەمال نەبەز،کوردستان و شۆرشەکەی،وەرگێرانی کوردۆ،چاپی یەکەم،هەولێر ٢٠٠١،ل١٣٥

[56].محەمدە ساڵح عقراوی،کورد و دەڵەتی سەربەخۆ بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان.د.چ.موکریانی،چ.یەکەم،٢٠٠٧،ل١٢٥

[57]. ئاری کەریم،چەند لاپەرەیەکی زیندووکردنەوەی شۆرشی ئەیلول ،چ.یەکەم.چ.خەبات،دهۆک١٩٩٩،ل١٦

هاوینەهاواری ببانا لە چیای شیرین بۆمباران کرد [58] بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەردەوام بوو تا ئەو رادەیە کە هیچ گوندێک لە بارزان نەما لەم بۆمبارانە کوێرانە دەربازیان بێت.

عەبدولکریم قاسم ١٢٠ فرۆکەی جەنگی خستەگەرو زۆر درندانە دژی کورد وەستایەوە،هێزی ئاسمانی عێراق سەدان گوندی کاولکرد و گەلێک کوردیان کوشت[59].

لە ١٩٦٣\٦\١٠ هێزەکانی ئاسمانی وفرۆکە جەنگیەکان بە هەموو توانایەکەوە دژی پێشمەرگە و کوردستان و سیاسەتی خاک سوتاندنی بەکار هێنا و جیاوازییان لە نێوان چەکدار و بێ چەکەکان کە ژن و منداڵ و پیرەکان بوون نەدەکرد و رەچاوی هیچ رێکەوتننامەیەکی جیهانی تایبەت بە جەنگ و جارنامەی مافی مرۆڤ نەکرد[60].

ئەمەش بووە هۆکاری نارەزایەتی هێندێک لایەن و ووڵاتان لە وانەش مەنگۆلیا و رووسیا ،کە لە ١٩٦٣\٧\٢ مەنگۆلیا داوای لە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد مەسەلەی جینۆساید و قڕکردنی گەلی کورد بخاتە بەر چاوی هەژدەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان ، هەر بۆیە عێراق پەیوەندی خۆی لەگەڵ مەنگۆلیا پچراند[61].

هەروەها وەزیری دەرەوەی رووسیا ئەندرێ کرۆمیکۆ لە ١٩٦٣\٧\٩ یاداشتێکی نارەزایی لە سەر بارودۆخی کوردەکان دایە باڵوێزی عێراق لە مۆسکۆ، لە ١٩٦٣\٧\١٠ رۆژنامەی پرڤدا یاداشتەکەی بڵاو کردەوە کە تیایدا تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق بە ئاگا دێنێتەوە و هەرەشە لەو ووڵاتانە دەکات کە نەتەوەی کورد قڕ دەکەن[62].

لە ١٠ ی تەموزی ١٩٦٣ رادیۆی بەغدا ئینزاری دایە کورد، جەنگاوەر ئازدیخوازەکانی کوردی بە جوداخواز و سەر بە کۆمۆنیست و زایۆنیست ناو برد و هەرەشەی مردنی لە

---

[58].مەسعود بارزانی،،بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد،ب.سێیەم،،شۆرشی ئەیلول.١٩٦١-١٩٧٥،چ.وەزارەتی پەروەردە.ل٣٨.
[59].جەمال نەبەز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٨
[60].محەمەد سالح عقراوی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٩
[61].جەمال نەبەز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٣
[62].هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٣

هەر یەکێک کرد کە پشتگیری بارزانی بکات و خەڵاتێکی ١٠٠ هەزار دیناری بۆ سەری بارزانی تەرخان کرابوو[63].

لە هاوین تاکو پاییزیش بارزان دەورە درابوو،باڵندەی لێ دەر نەدەچوو  لە ئەرز و لە ئاسمان گوللە تۆپ دەباری بە پێی قسەی ئەفسەرێکی عێراقی کە فەرماندەی شەرەکە بوو ٢٥٠ تۆپی زل بەردەوام  و بێ پسانەوە دەڤەری بارازنیان دادەبێژێت[64].

لە ١٩٦٣\٩\٢٤ پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولی دەکرد یاداشتێکی پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوکانی نێودەڵەتی کرد تیایدا بە تێر و تەسەلی باسی بارودۆخی کوردستان کرابوو بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ راگرتنی شەری قڕکردنی کورد، لەسەر ئەم یاداشتە لێژنەی بەرگری لە مافی مرۆڤ یاداشتەکەی بۆسکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرز کردەوە و تیدا ئاگاداری کردەوە بەو نەهامەتیانەی بەسەر کورد هاتووە و هەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە [65].

"شایانی باسە عێراق ئەندامبوو لە نەتەوەیەکگرتووەکان و جارنامەی مافی مرۆڤی پەسەند کردەبوو".

حاجی بالین شینۆ[66] دەڵێت"لە ١٩٦٣ هەمووومان ئاوارەی ناوچەی شێروان بووین و فرۆکە بە شێوەکی زۆر درندانە بەردەوام بۆردومانی دەکردین خاک و باغ وبیستان و مەروماڵات بەهۆی بۆردوومانەوە سوتێنران و لە ناو چوون، سەید مەلا حەسن ئیروانی و رەوشن مەلا فەقێ و چەند کەسیتر شەهید بوون و زۆریتریش بریندار بوون ،رەوشەن هەر لە نزیک

[63].جەمال نەبەز  هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٠

[64]شەوکەت شێخ یزدین،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٧٣.

[65].محەمەد سالح عقراوی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٣

[66].رێبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٠

گوندی کولەکا بە جلوبەرگەوە نێژرا، دواتر فرۆکەکان هەر بەمەش نەوەستان و تیزابیان بەسەر خەڵکەکدا باراند و چەند کەسێک گیانیان بەم تیزابە سوتا..."

لە پاییزی ١٩٦٣ هەردوو هێزی عێراق و سوری دەچنە ناوچەی بارزان و چەند خانوویەک دەسوتێنن[67].

هەر لەو ساڵە بۆ ماوەی شەش مانگ ٢١ کەس لەو ئافرەتە رووسیانەی هاوسەرگیریان لەگەڵ بارزانیەکان کردەبوو لە هەولێر زیندانی کران[68].

لە ١٩٦٤\٣\٢٣ رژێمی عەبدوسەلام عارف یاسایەکی بەناوی (مەدالیا بۆ لەناو بردنی جەردەکانی ژوورو) دەرکرد، و بەو کەسانە دەبخشرا کە ئەرکی لە نێوبردنی چەتەکان و خامۆشکردنی یاخیگەری دەستە خۆفرۆشەکان لە ئەستۆ دەگرن تا بتوانن خاکی ئازیزیان لە جوداخوازەکان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم پاکژکەن)، جگە لەو عارف لە تەلەفزیونی بەغدا رایگەیاند کورد لە رەچەڵەکی عارەبن[69].

لە بەهاری ١٩٦٥ لە ماوەی سێ رۆژدا مێرگەسۆر و دەوروبەری سێلکێ وچەند گوندێکی تر سوتێنران و کاول و وێرانکران [70]. عەبدولرحمن عارف ئەوکاتە سەرۆکی سوپا بوو بە فەرمانی ژمارە ٢٧٨ لە ١٩٦٥\٦\٦ فەرمانی دابوو بە:

1. هەموو ئەو کێلگانەی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەن دەبێت خاپوور بکرێن.
2. هەموو بەروبومی ئەو جوتیارانەی کە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە دەکەن، دەبێت دەستی بەسەردا بگیرێت[71].

[67]. ئاری کەریم،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٥١
[68]. رێکاری مزوری،ژنێت رۆسی و راگواستن و ئەنفال کۆمکوژی،بلاوکراوەی رێکخراوی ڤەژین،چ.منارە،چاپی یەکەم هەولێر٢٠١٠،ل١٩١
[69]. جەمال نەبەز ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٨
[70]. سەلاحەدین راستگەلی،شەرە لەبیرکراوەکە،وەرگێرانی کاوە ئەمین،دەزگای ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر،ل١٠٤
[71]. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١١٠

حکومەتی بەزاز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان گەیاندنی دەرمانیان بۆ کوردستان قەدەغە کرد بوو تا چارەسەری پزیشکی لە توانیاندا نەبێت [72]،هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمانی نهێنی سەرکردایەتی هیزی مەیدانی عەمەلیاتی جەنگی بە ژمارە ۱۰٦۰ لە ۱۹٦٥\٨\١٧ دەرکرد کە فەرمانی قەدەغەکردنی دەرمان بردن بۆ گوندەکانی کوردستان ".

هەر لەوە سەردەمە بارزانی لە ۱۹٦٦\١\١ بیرخەرەوەیەکی دا بە نەتەوەیەکگرتووەکان و باسی سیاسەتی خاک سوتاندنی کوردستانی کردوەو داوای کردوە لێژنەیەک بنێرن بۆ ناوچەکانی شەر تا بە چاوی خۆیان ئەو رەفتارە نامرۆڤانەی عێراق ببینن[73].

لە ۱۹٦٦\١\١٦ لە یاداشتنامەی فرۆکەوانێکدا کە فرۆکەی ئیلیۆشن ی ژمارە ٤٣٣ بوو لەلایەن هێزی پێشمەرگە بە تۆپی فرۆکە شکێن خرایە خواروە ، نووسرا بوو کە تەنیا خۆی ٤٥ گوندی کوردی خاپوور کردوە[74].

هەر لەساڵی ۱۹٦٦ رژێمی عارف و بەزاز گازی کوشندەیان دژی کورد بەکار هێنا،ئەوەش دژایەتی و ئیدانەکردنی توندی دژی رژێمی عارف دروست کرد بۆ نمونە لە ۱۹٦٦\٣\١٨ سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی جیهان لە پراگ رژێمی عارفی بەتوندی تاوانبار کرد[75].

هێرشەکان بەردەوامی هەبوو لە ۱۹٦۹\٨\١٦ ئەمجارەیان زۆر درندانەتر رژێمی بەعس کەوتە بۆردومانکردنی کوردستان لە وانەش گوندی دەکان و دەوروبەری، خەڵکەکە بە ژن و منداڵ ئاوارەی ئەشکەوتێکی نزیک گوندەکە بوون ،بەهۆی بۆردوومانی سەختی ئەشکەوتەکە و سوتانی دەرگای ئەشکەوتەکە ئاگر فرێدرایە نێو ئەشکەوتەکە، کە بە هۆیەوە ٦٧ منداڵ و ئافرەت و پیر و گەنج لە نێو ئەشکەوتەکە سوتێنران، کە ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی سەفتێ و بەنانی بوون کە ئاوارەی ئەو ناوچەیە ببوون. لە دوای ١٤ رۆژ

[72].جەمال نەبەز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٨
[73].غەفور مەخموری،بەعەرەبکردنی کوردستان،بلاوەکراوەکانی رۆژنامەی میدیا،چاپی یەکەم هەولێر٢٠٠٢،ل١٠٤
[74].جەمال نەبەز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٠
[75].هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٧١

تەرمەکانیان لە ناو ئەشکەوتەکە دۆزرانەوە و بە کۆمەڵ بە بێ کفن خرانە ناو سێ گۆری بەکۆمەڵی گەورەدا".

لە ١٩٧١\٩\٢٩ حکومەت بە رێگای پۆلێک لە مامۆستای ئایینی هەوڵی تیرورکردنی مەلا مستەفا بارزانی دەدەن کە سەری نەگرت و لە ئاکامدا ٩ مەلا و ٢ شوفێریان کوژران و و دوو پێشمەرگە کە یەکێکیان چایچی بوو شەهید بوو و چواردەی تریش بریندار بوون، هەواڵەکەش لە بارەی سەرنەکەوتنی تیرۆری بارزانی لە رۆژنامەی میدل ئیست مۆنیتۆر لە واشنتن لە ١٩٧١\١٠\١٥بڵاو کرایەوە.

## باسی چوارەم: راگواستن وکۆچپێکردنی زۆرەملی و جینۆساید( ١٩٧٥-١٩٩١)

لە ساڵی ١٩٧٤ رژیمی بەعسی عێراق بە هەموو هێز و توانای خۆی هەڵیکوتای سەر کوردستان و ئەنجامدانی تاوانی جۆراجۆر هەر لە گرتن و کوشت و بڕی خەڵکی سڤیلی ناوچەکە و لیدانیان بە تۆپ و تەیارە، لە وانەش چۆمان و پردی گەلاڵە و قەسری و دیلمان هەروەها لە ١٩٧٤\٤\٢٤ گەڵپەی ئاگری لە شاری قەلادزێ هەڵگیرساندو بە بۆمبی ناپاڵم هیرشی کردە سەر ئەم شارە و زانکویەکەی قەڵغانی خوین کرد، و بە سەدان کەس بوون بە قوربانی، ئەمانەو بەدەیان تاوانی ترو گەمارۆدانی پێشمەرگە خیانەت کردنی ئاشکرای ئەمریکا و شای ئێران بوو ، راودونان و بۆمباران و روخاندن و راپێچکردنی خەڵك بووە هۆی کۆچپێکردنی زۆرە ملی زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کەس لە خێزانی کورد بۆ ناوچە سنووریەکانی وڵاتی ئێران لە بەهاری ١٩٧٤، پاش ئەم تاوانە رژیم بە بڕوبیانووی دروست کردنی پشتینەی ئەمنی لە ناوچە سنورییەکانی ئیران وتورکیا لە پرۆسەیەکی سەربازی هەستا بە سوتاندن ویران و خاپۆر کردنی خانووبەر و رز و باغ و وشککردنی کانیاوەکان لە گوند شارو شارۆچکەکانی ئەم ناوچانە.

رێکەوتننامەی شوومی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ لە نیوان محمد رەزای پەهلەوی شای ئێران و سەدام حوسین جێگری سەرۆکی عیراق لە ژێر چاودێری جەزائیر بە ئامادەبوونی هۆاری بۆمدین سەرۆکی جەزائیر ئیمزا کرا، کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول.

لە دوای نسکۆ خەڵکێکی زۆرو بەشێک لە بارزانیەکان ئاوارەی ووڵاتی ئێران بوون و بەشەکەی تر لە گوندەکانیان مانەوە و قۆناغێکی تری راگۆاستنی بارزانیەکان دەستی پێکرد و دەیان هەزار لە خەڵکی کوردستان و گوندنیشینەکانی دەڤەری بارزان لە ماڵ و حاڵیان دەرکران و بە زۆر بۆ بیابانە رووتەکانی باشووری عێراق راگوێزران کە بە مەترسیدارترین قۆناغی راگواستنی بارزانیەکان وتەنانەت بە قۆناغی راگوستنی کوردیش ئەژمار دەکرێت.

لەم قۆناغە دەیان هەزار لە خەڵکی گوند نیشینی دەڤەری بارزان لە ماڵەکانیان راپێچ کران و بە زۆر بۆ ناوچەرووتەکانی بیابانی باشووری عێراق رایانگواستن کە خەڵکی ٧٦ گوندی ناوچەی بارزان بوون و هەر سێ عەشیرەتی( بەرۆژی و نزاری و هەرکی بنەجێ و هەندێک لە گوندەکانی مزووری و شێروانی) گرتەوە[76].

تاکو ساڵی ١٩٧٦ ژمارەی راگوێزراوان بۆ باشووری عێراق بە ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار کەس مەزندە کراوە[77]، بەسەدان ئافرەت و منداڵ و پیرو پەککەوتە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق راگوێزران لەشاری دیوانییە نیشتەجێ کران دواتریش بەسەر گوند وناحیەو ئۆردوگاکان دابەش کران وەك ناحیەی شافعیە گوندی جحێش، مەرجوجە و ئۆردوگای خەیریی و چەند ئۆردوگایەکی تر..

لە دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بریار گەراندنەوەی کوردەکانی دا کە بۆ ناوچە کوردنیشینەکان بگەرێنەوە بەڵام رێگەی بە گەرانەوەی بارزانیەکان نەدا و محکومی کردن کە هەر لە خوارووی عێراق بمینێنەوە.

لەکاتی راگواستنی بە زۆرەملی کوردەکان هەندێکیان لەرێگا گیانیان لەدەستدا، هەموو جۆرە یارمەتی دانێک بۆیان قەدەغەکراو بوو ئەو کەسانەی هاوکاری راگوێزراوە کوردەکانیان کردەبا و خوراکیان داونەتێ وکاریان بۆ دەستەبەر کردن یا بەرگریان لێ کردن لە هەر پلە و پایەک لە کارەکانیان دور خرانەوە ، سزادران و زیندانی کران[78]، بە پێی بەڵگەنامە و ووتەی شایدحالەکان ئەو راگوێزراوانەی فەرمانبەر و پلەدار بوون لە کارەکانیان یا دور خرانەوە یا پلەکانیان دابەزێندرا.

[76].موراد حەکیم محەمەد،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٦
[77].هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٩
[78].سامڤێل کۆچری،کوردستانی عێراق جینۆسایدو خەبات لە پێناویمافی چارەی خۆنوسیندا،و.دلێرئیسماعیل حەقی شاویس ،گ.س.برایەتی،ژ.٢٥

یەکێک لە شاید حاڵەکان بە ناوی "سامیە شەمزین سەیدو[79]" دەڵێت" ١٩٧٥\١١\٢٥ سێ فرۆکەی کۆپتەر لەسەر لوتکەی گۆڤەند بەدیار کەوتن ،یەکێکیان بەرو گوندی ئەرگوش و ئەوانیتر بەرو گوندی درێ و نیشتنەوە سەربازەکانی رژێم دابەزین و گەمارۆی گوندیان دا ،شەوی بەسەر داهات هەموو پیاوەکان قۆلبەستکران لە ناو بینای قۆتابخانە و ئەوشەوە نیومەتر بفر باری بوو. ئەو رۆژە هەندێک کەس بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی توانیان خۆیان دەربازی تورکیا بکەن ،بۆ بەیانی بە بێ ئەوە یەک شت لەگەڵ خۆمان هەڵگرین تەنانەت یەک ژم خواردن سواری فرۆکەیان کردین بۆ مێرگەسۆر ئیوارەی هەمان رۆژ سواری ئیڤای سەربازیان کردین بۆ دەشتی هەولێر و بەیانی گەیشتینە هەولێر تا ئیوارە ماینەوە بەڵام نەمانزانی هەولێرە ،نزیک سەربازگەیەک بە بێ خواردن و خواردنەوە ،ئیوارە لۆریەکیان هینا سواری بووین نازانم بەرو کوێ بەڵام دەزانم دوو شەوو دوو رۆژی پێ چوو تاگەیشتینە ئەو شوێنە کە جەحیش بوو لە دیوانییە، ئەو دەڵێت باش بە بیرم دێت کاتژمێر ٩ بەیانی بوو یەکم کاروانی ئیمە گەیشتە ئەوێ دیتمان پرە لە بارزانی کە چەندرۆژ پێش ئیمە گەیشتە بوون ،کاتێک چاومان بە جەمەدانی سور کەوت کەمێک ئارام بووینەوە بەڵام لەگەڵ مانەوەمان لەم بیابانە کارەسات و مەینەتی لەرادەبەدەر دەستی پێکرد، رۆژانە خەڵکمان لێ دەمرد ". ئەوەش بەهۆی باری نالەباری ژیانیان و نەگونجانیان لەگەڵ سروشتی ئەم ناوچانە رۆژانە 6 تـــا 8 کەسیان لێ دەمرد، زۆربەی شاهید حالەکان لەم راگوستنەدا لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکانیان باسیان کردوە لە زۆربەی ئۆردووگاکان سکچوون و رشانەوە بە هۆی خواردن و خواردنەوەی پیس و ژینگەی بیابانی لە ناو خێزانەکان دەستی پێکرد کە خەڵکێکی زۆر رۆژانە بەهۆی دەمردن.

هەروەها رژێم زۆر بەئاشکرا لەو شوێنانەی راگوێزراوانی تیدا نیشتەجێ کرابوون نووسیبووی دارالفنا یانی شوێنی لەناو چوون و مردن .

---

[79].ریبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٢

جارێکیتر دوای ٣ ساڵ لە ساڵی ١٩٧٨ دانیشتوانی قەزای مێرگەسۆر  کە ٧٤ گوند لە ناحیەی شێروان مەزن و گوندەکانی هەر سێ عەشیرەتی (مزۆری و شێروانی و گەردی) بوون، هەروەها ٢٦ گوندی ناحیەی پیران بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی حەریر،دیانە، گۆرەتوو و دەوروبەری شاری هەولێر وەک بەحرکە، پیرزین، کەسنەزان، عەسریە و ... راگوێزران[80] و گوندەکان بەتەواوی لەگەڵ زەوی تەخت کران  و کانی سەرچاوە ئاوییەکان تەقێنرانەوە  و ووشک کران و رز و باغ و بیستان لەم دەڤەر سوتێنران.

لە ساڵی ١٩٨٠ دوای ٥ ساڵ رژێم کەوتە دانانی نەخشەو پیلانێکی تر ئەویش لەرێگەی رێگەپێدانیان بۆ گەڕانەوەی راگوێزراوەکان لە باشووری عێراق  بۆ کوردستان بەمەرجێك نەگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان  سوپای عێراق بە ئۆتۆمۆبێلی بار هەڵگری ئیڤا جارێکیتر ئەوانی لە ئۆردووگای بیابانەوە گواستەوە بۆ کۆمەڵگای زۆرەملی  قۆشتەپە لە باشووری هەولێر لە بن خێمە نیشتەجێکران پاشان دەستیان کرد بە دروستکردنی ئۆردووگای قودس و قادسیە و بەر لەوەی خانووەکان تەواو بێت رێگەیان پێدرا بچنە ناو خانووەکان.

رژێم ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی لە لایەک بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری  و دەست بەسەر داگرتن و هەروەها بۆ لەناو بردنی خێرا بەکاری دەهێنا لە لایەکی تریش بۆ مردنێکی لەسەرخۆ و تێکدانی باری کەسایەتییان و دور خستنەوەیان لە داب و نەریتی رەسەن و لە ناو بردنی کلتوری کوردەواری.

لەرۆژی ١٩٨٠\٩\٢٤ فرۆکەکان بۆردوومانی کۆمەڵگای قودسیان کرد و لە ئەنجام ١٧ کەس لە ئافرەت و منداڵ و پیر و گەنج شەهیدکران  و نزیکەی ٥٠ کەس بریندار بوون حکومەتی عێراق رایگەند ئێران بۆردوومانی کردوە و بە پێچەوانەش ئێران رەتی کردوە  و لەو میانەش ئەوەی بوون بە قوربانی بارزانیەکان بوون.

[80].موراد حەکیم،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣١

له ١٩٨٢\١\١ ناحیەی شێروان مەزن و گوندەکانی کلکەمۆ له ناوچەی بارزان بۆ ئۆردووگای سێبیران له نزیک شاری هەولێر راگوێزران[81].

بەم شێوەیە بارزانیەکان له ساڵی ١٩٠٧ تاکو ١٩٨٣دوای زیاتر له ٦٠ ساڵ له شۆرش و بەرخودان وماڵ وێرانی و کوشتار و راگواستن بە دەست حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ئۆردووگاکان و کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان کۆ کرانەوە لەژێر چاودێری توندی دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات بوون و له بارودۆخێکی ناهەموار ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام ئەمجارە رژێمی بەعس بەدوای بیانویەک دەگەرا بۆ ئەوەی بە یەکجاری رەچەڵەکی بارزانیەکان لە ناو ببات.

له ساڵی ١٩٨٣ بەبیانووی(شەڕی حاجی ئۆمەران-گردەمەند)ی (ئێران و عێراق) تێوەگلانی پارتی لەم شەڕە بە خیانەتی گەورەی بارزانییەکان لە لایەن دەسەلاتدارانی ئەو کاتەی بەغدا بە تایبەتی سەدام حوسین له قەڵەم درا بوو، له رۆژنامەی هاوکاری ژمارە 704 له 1983\9\15 دا سەدام له دیداری لەگەڵ جەماوەری هەولێر دەڵێت"ئەوەی خیانەت لە نیشتمان بکات ژیانی لەگەڵ ئیمە نیە و رەگی چەپەڵی لەبن دەردەهینین"رژیم ئەو جارەش وەک جارانی تر بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، زنجیرە پەلامارێك لە بەغدا تا هەولێر له ٧\٢٦ و٧\٣١ و ٨\١٠ و ١٩٨٣\١٠\١ بە پێی بەڵگەنامەکان[82] "جینۆساید کردنی بارزانییەکانی" بە شێوەیەکی چروپڕتر له جاران دەست پێ کرد بەم شێوەی خوارەوە:

١.دەسگیر کردنی صابر مستەفا محمدعبدالسلام بارزانی و (22) کەس له هەڤاڵانی له 1983\7\26 له بەغدا و بریاری حوکمی له سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانیان بە نووسراوێك له سەروکایەتی (دادگای شورش) بە ژمارە1446\ج\1983 له 1983\8\30دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان له لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا دراوە.

81.موراد حکیم ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٦

82.بروانە بەڵگەنامەکان لە پاشکۆ

هۆکاری گرتنیان بە مادەی 175و159و162\2-49و50و53 لە ق.ع لە داوایەك بە ژمارە1\83 لە 26\7\1983لە شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆڕێك پێیان دراوە.

ئەم راپۆرتە باس لە شەری حاجی عمران، گردەمەند و بەشداری پارتی لەو شەرەدا دەکات لە ناوەروکی راپۆرتەکەدا دەڵێت ":موتەهەم صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێك لە تێکدەران کە سەر بە مسعود و ادریس بارزانین، زانیاری ناوخۆی سەرکردایەتییان داوەتە تێکدەران بەتایبەتی لەسەر ئەو جێگایانەی ستراتیژی و گرنگن وئامادەکاری و هاوکارییان لە بەغدا و هەولێر لەگەڵ تێکدەران کردووە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکان لە کەرتی باکوور لە حاجی عمران لە رێگای مسعود و ادریس."

هەروەها ئەوانی بە هەڵگرتنی چەك بەرامبەر بە هێزەکانی چەکداری عێراق بە مەبەستی هاوکاری هێزەکانی ئێران بۆ گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار کردووە و بە بەکرێگرتەی ئێران ناوزەدی کردون.

ئەوەی شایانی باسە دادگای شورش بە نووسراوی ژمار( 1446\ج\1983) لە (30\8\1983 )بە سەروکایەتی عەواد بەندر وئەندامیەتی عەقید مافپەروەر داود سلمان شهاب و موقەدەم مافپەرەور تارق هادی شاکر بەستراوە، بە پشتبەستن بە فەرمانی سەروك کۆمار ژمارە (1287\23 لە 20\8\1983) بەم مادانە( 175و159و162و\2\49و50و53 ) لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن حوکمی لە سیدارەدانیان بەسەر دا سەپاندوون. ئەمەش ناوەکانیانە:

1.صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی 2.عوسمان احمد محمد عبدالسلام بارزانی 3. عبدالباری سلیمان عبدالسالم بارزانی 4.سبحان اسماعیل عبدالسلام بارزانی 5. نورالدین محمد صدیق محمد بارزانی 6.عیماد عوسمان احمد بارزانی 7. نزیر احمدمحمدبارزانی 8.بیداد لقمان مستەفا بارزانی 9. نوزاد لقمان مستەفا بارزانی 10.ئازاد لقمان مستەفا بارزانی 11. صلاح لقمان مستەفا بارزانی 12.اسماعیل فقی

عولابارزانی 13.زبیر عبدالله سلیم بارزانی 14.دلدار علی محمد بارزانی 15.حکیم سعید حسن بارزانی 16.علی عمر احمد بارزانی 17.رمزی عبدالله سلیم بارزانی 18.رجب اسماعیل حسن بارزانی 19.قادر نعمان جهور بارزانی 20.مجید عبدالله سلیم بارزانی 21.حسین زیاب در بارزانی 22.اسماعیل مستەفا محمود بارزانی 23.امین عوسمان همیرەبارزانی.

د. کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت[83]"یەکێک لە هاورێ نزیکەکانم لە یەکێتی سۆڤیەت یەکێک لە برازانیەکان بە ناوی "حۆسین فەقێ ئەحمەد بارزانی" بوو،هاورێیەکی زۆر نزیکم بوو کە گەراینەوە لە بەغدا دراوسێ بووین،پەیوەندی نزیکمان هەبوو ،لە کاتیک شالاوی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان دەستی پێ کرد ئەو لە بەغدا بوو و دوو منداڵی هەبوو لەگەڵ ژنەکەی بە ناوی ناتاشا ،رۆژێک ناتاشا بە گریانەوە خۆی بە ماڵی ئیمەدا کرد و گوتی حۆسین چووتە دەرەوە و نەگەراوەتەوە دیارە گیراوە ، لنیش گوتم باشترین چارەسەر ئەوەیە تۆ نامەیەک بە رووسی بنوسی و بنێرین بۆ د.فازڵ براک ئەو کات بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو ،گوتم نامەیەکی پر هەستی بۆ دەنووسین تا لە رێگەی ئەوەوە شتێک بزانین.

نامەکەمان نووسی و ناردمان بۆ فازڵ براک  پاش دوو رۆژ تەلەفۆنیان کرد و ناردیان بە شوێن ناتاشادا ئیمە زۆر دڵمان خۆش بوو، ناتاشا زۆر شادمان بوو بە دڵخۆشیەوە رویشت و چاوەروان بوو لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە، منیش لە دڵەڕاوکیدا بووم ،کاتێک ناتاشا گەرایەوە بینیم دەگریا و فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارێ و نەیتوانی بەدەم پێم بڵێ و بە دەست ئاماژەی بۆ کردم  کە کوژراوە..

٢.بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی شمس الله خالد خدر بارزانی و پەنجا کەس لە هەڤالانی بە نووسراوێك لە سەرۆکایەتی دادگای

---

[83].زانیار سردار قرگەیی،د.کمال مەزهەر،مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد بە خەباتی بارزانی و بارزانیەکان رازاوەتەوە،چ.حاجی هاشم،ل١٢

شورش به ژماره (3864 له 1983\11\12) دەرچووه بۆ سەرۆكايەتی ديوانی سەرۆكايەتی كۆمار، كه برياری گرتنيان له لايەن دادەوەری لێكۆلینەوه سەر به بەرێوەبەرايەتی ئەمنی بەغدا /ش31 دراوه بەنوسراوی ژماره (8\83 له 11\8\1983).

هۆكاری گرتنيان به مادەی ( 175و159و162\2-49و50و53) له ق.ع له داوايەك به ژماره 1610/ج/1983 له سەر شمس الله خالد خدر بارزانی و هەڤاڵانی شيكراوەتەوه كه له لايەن سيخۆرێك پێيان دراوه ،داواكه به نووسراوی ژماره 1434/23 له 27\9\1983 بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەو له 11/10/ 1983 حوكمی له سيدارەدانيان بۆ دەرچووه.

ئەم راپۆرتەش هەر وەك راپۆرتەكانی پێشۆ باس له شەری حاجی عمران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەم شەره دەكات،له ناوەرۆكی راپۆرتەكەدا دەلێت"تۆمەتبار" شمس الله خالد خدر بارزانی كه سەر به مسعود بارزانی و محمد خاليد بارزانيه به هاوكاری لەگەڵ ئەو كەسانەی ناويان له خوارەوه هاتووه وئامادەكاری و هاوكارييان لەگەڵ تێكدەران و هێزەكانی ئێراندا كردوه زانياری عسكری و ستراتيژيان ناردوه ،هەروەها رێنمايی كردنی بەرپرسانی عسكری ئيرانی له ناوچەكەدا بۆ ئەنجامدانی كاری تێكدەرانه دژی هێزەكانی چەكداری عێراق پيش هجوم كردنی هێزەكانی ئێران له كەرتی باكوورو گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار كراوەن و به بەكرێگرتەی ئيران ناوزەدی كردوون ، ئەوەی شايانی باسه دادگای شورش له1983/11/10 به سەروكايەتی عەوادبەندەر بەستراوەو بەم ماددانه 175و159و162و\2\49و50و53 له ق.ع تۆمەتبار كراوەن و حوكمی له سيدارەدانيان بەسەردا سەپاندوون و به نووسراوی ژمار(3864) له1983/11/12 سەرۆكايەتی ديوانی سەرۆكايەتی كۆماريان لێ ئاگادار كردۆتەوه. ئەمەش ناوەكانيانه:

1.شمس الله خالد خدر بارزانی 2.سليمان مفردی خانو 3. احمد حمود مستەفا 4 .صوفی سيف الدين وستا 5. سعيد محمد محمدامين 6.يوسف زبير حاجی 7.حدو جلو فقی 8.حاتم

جیجو حاتم 9. حسن حسین حسن 10. تەها محمد ابراهیم11.فریق میران مح12. نعمان حسین یاسین 13.یاسین حسین یاسین 14.حسکو رشید نبی 15.تەلعەت سعید عمر 16.رەمەزان عبداللە یاسین 17.وجدی مستەفا ناوخۆش 18.مستەفا حسین سالح 19.حسین محمد احمد 20.اسعد حسن عبداللە 21.سلیمان ابابکر احمد 22 .جادر محمد حسین 23.عبدالرحمن محمد حسن 24.احمد سعید حسن 25.مستەفا باجو مستەفا 26.عزیز سالح سلیم 27.حکیم زادە محمد 28.زکری جلو مالی 29.باجو حسین ملکو30غفور احمد محمود 31.محمد علی عباس 32.خدر مولود سالح 33.سعید اخدل شیخ عمر 34.عبدالعزیز حجی عبداللە 35.صبری رەمەزان حسن 36.ویس یوسف رەمەزان 37.میرخان محمد مرزا38.نادر حبیب حسن 39.فقو خوجە ناصر40.قرتاس سالح حسین 41.حسن حاجی ابراهیم قادر 42.جمیل عبداللە فارس 43.اسماعیل سلیمان الیاس 44.یونس حسن یونس 45.بحری محمد ملکو 46.زلفو احمد جوهر 47.شهاب زادە محمود 48.صوفی درویش محمد 49.شهاب احمد جوهر 50.بیرو حمد ابراهیم 51.جوهر حدو حاجی.

٣.بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی هەروەها ملا سعید حسن بارزانی و هەڤالانی بە نووسراوێك لە سەروکایەتی (دادگای شورش) بە ژمارە4066 لە 24\11\1983 دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لە لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا/ش31 دراوە بەنوسراوی ژمارە 15\83 لە 1\8\1983.

هۆکاری گرتنیان بە مادەی 175و159و162\2-49و50و53 لە ق.ع لە دوو داوا کە داوای یەکەم بە ژمارە 1775/ج/1983 لە سەر خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی و داوای دووەم بە ژمارە 1609/ج/1983 لە سەر ملا سعید حسن بارزانی و هەڤاڵانی

شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆرێك پێیان دراوە ،داواکان بە دوو نووسراو یەکەمیان بە ژمارە 1563/23 لە 1983/10/19 دووەمیان بە نووسراوی ژمارە 1433/23 لە 27/ 1983/9 بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەن بەلام هەموویان لە 22/11 /1983 حوکمی لە سیدارەدانیان بۆ دەرچووە.

ئەم راپۆرتەش هەر باس لە شەری حاجی عمران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەم شەرە دەکات،لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا دەلێت"مۆتەهەم حسن محمد شیرۆ لەگەڵ کۆمەلێك لە تێکدەران کە ناویان لە خوارەوە هاتووە سەر بە مسعود بارزانین زانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە وئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوە ،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی عسکری ئیرانی لە ناوچەکەدا و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دژی هێزەکانی چەکداری عێراق پیش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران لە کەرتی باکوور بۆ گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار کراوەن و بە بەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسە دادگای شورش لە 1983/11/22 بە سەروکایەتی عەواد بەندەر بەستراوەو بەم ماددانە 175و159و162و\2\49و50و53 لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی لە سیدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و بە نووسراوی ژمار(4066) لە( 1983/11/24 سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە. ئەمەش ناوەکانیانە:

1.خورشید رشید سلمان 2.احمد حدو محمد 3. یاور علی محمد 4.یوسف فرخو محمد 5. حسین عمر حسین 6.محمود فقی محمد حسین 7. حسین ملا حبیب عبدالرحمن 8.عیسی محمد حسن 9. جهور یونس ابراهیم 10.جزیری برایم محمد 11. محمد ابراهیم محمد 12.نعمان شریف شمیرن 13.عزیز فقی سعید 14.خلیل تاهیر عبدالله.15.نیاز عزیز عبدالله 16. حاجی عمر عبدالله17.عوسمان حسن عوسمان 18.عزیز ملا عبدالله فقی 19.ابراهیم عوسمان حاجی 20.علی قاسم علی 21.نزمی

محمد محمدامین 22. محمد تاهیر حجی ابراهیم23.عمر احمد عمر 24.حسن خالد ملا 25.عیسی حسن شریف 26.حسین عبدالحمن حسین 27.تەها محمد یوسف 28. حسین محمد یوسف 29. ایوب محمد عیسی 30.مولود جوج مولود 31.محمد قرتاس سالح 32. شیخ عمر باپیر 33.خوشوی داود محمد 34.شاکر خالد سالح 35.عمر حدو محمد 36.تاهیر عبدالرحمن علی 37.حسین محمد حسین 38.عزیز ابراهیم شێخو 39.سلیمان سەبری عیسی 40.عمر تاهیر عمر 41.حسین فقی محمد حسین 42.نزهت شریف عمر 43.ممو سەبری عیسی 44.فریق ملمکو تاهیر 45.حدو محمد احمد 46.فرات ابراهیم باپیر 47.عبدالله ابوبکر فتح الله 48.حسن محمد شیرو 49.درویش عمر یاسین 50.تمر محمود قرتاس 51.عبدالواحد عمر سعید.

٤. بە پێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی رژێمی بەعس لە کۆتاییەکانی تەمووزو سەرەتای ئابی ساڵی 1983 دا هێزێکی گەورەو بەشێوەیەکی زۆر نهێنی پێکهێنراو کە پێك هاتبوون لە هێزەکانی فەرمانگەی ئەمنی هەولێرو بنکەی فەرمانگەی ئەمنی حوکمی زاتیو فەوجەکانی تەواری و هێزەکانی حەرەس جمهوریی بە شێوەیەکی زۆر نهێنی هەستان گەمارۆ دانی ئەو کۆمەڵگا زۆرەملیانەی کە بارزانییەکان تییدا نیشتەجێ بوون دواتر دەسگیرکردنیان بە سێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم:1983\7\31کۆ کردنەوەی بارزانییەکانی دانیشتووی قۆشتەپە لە دوو کۆمەڵگای زۆرملی قودس و قادسیە کە لە دەوروبەری پارێزگای هەولێر.

قۆناغی دووەم:1983\8\10 کۆ کردنەوەی بارزانییەکانی دانیشتووی کۆمەڵگای حەریر کە سەر بە قەزای شەقڵاوە وکۆمەڵگای دیانا سەر بە ناوچەی ڕەواندز و کۆمەڵگای بەحرکە سەر بە پارێزگای هەولێر و لادێکانی مێرگەسوور سەر بە ناوچەی زێبار.

قۆناغی سێیەم: ١٩٨٣\١٠\١جارێکی تر بە شێوەیەک چروپڕ ماڵ بە ماڵی ئۆردووگاکانیان پشکنی و ئەوەی لە جارەکانی تر دەربازیان ببوو ئەوجارە دەستگیر کران.

ئەوەی زیاتر ئەم ڕاستییانە دەسەلمێنێت نووسراوێکی ڕەسمی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتییە بە ژمارە 84 لە ڕێکەوتی 1989/3/29 کە ناردوویەتی بۆ سکرتێری سەرۆکایەتی کۆمارو تیایدا تەئکید لەوە دەکاتەوە" کە لە بەیانی ڕۆژی 1\8\1983 دا لەسەر داوای بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی(د.فازل براك) هێزێکی سەربازی سەر بە حەرەس جمهوریدا کۆمەڵگەکانی "قدس، قادسیە لە قوشتەپە" کە بۆ خێزانە بارزانییەکان دروست کرابوو گەمارۆ دراوە و دەست گیراوە بەسەر هەموو ئەو پیاوە بارزانییانەی تەمەنییان لە 15 پازدە ساڵ بەرەو ژوور بووەو بە سەیارەی گەورەوە گواستراونەتەوە بۆ بەغداد."

لە نووسراوەکەدا هاتووە" لە کۆمەڵگەی حەریر 403 کەس لە عەشیرەتی بارزانییەکان کە شیروانیو مزوریین لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە هەبووە و تاوانییان بۆ ڕێکخراوەو حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ کراوە، بە هەمان شیوەش لە کۆمەڵگاکانی دیانا و بحرکە ولادێکانی مێرگەسوور بارزانییەکان دەستبەسەر کراون و ڕوانەی بەندیخانەی ئەبوغریب کراوەن و تەسلیم بەهێزێك کراون کە لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتیو بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەغداد پێکهێنرابوونو لەسەر فەرمانی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی 16 تاوانی جیاجیا بۆ 667 کەسیان ڕێکخراوەو ڕەوانەی دادگای شۆرش کراوەن لەوێ حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێندراوەو ئەوانەی تر کە 2225 کەس دەبن نەتوانراوە تاوانیان بخرێتە پاڵ ، پاش دەستبەسەردا گرتنییان و گواستنەوەیان لە سەرەتای مانگی ئابدا ڕەوانەی ناوچەی (بوصەیە)ی سەر بە پارێزگای موسەنا کراونو لە نووسراوەکەدا هاتووە کە حوکمی گەلیان لەسەر جێبەجێ کراوە واتە ئیعدام کراون، لەهەمان نووسراودا ئاماژە کراوە لەدوای ئیعدامکردنیشیان بەڵگەنامەی وفات بە خێزانەکانییان نەدرێت.

ئەوەی شایانی باس بێت لە نووسراوەکەدا هاتووە" سکرتاریەتی سەرۆك کۆمار بە نووسراوی 2651/ك لە 1987/8/24 دا فەرمانی دەرکردووە بۆ هەموو ئەو دام و دەزگا و بەرپرسانەی تایبەتن بە کێشەی کورد لەوانەیە لە لایەنێکی سێیەمەوە پەیوەندییان پێوە بکرێتو سەبارەت بە چارەنووسی بارزانییەکان و پرسیارییان لێ بکرێت، بۆیە وا پێویست ئەکات کە وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك سەبارەت بەم بابەتە ئەم وەڵامە بێت کە: "تەنها سەرۆکایەتی دەوڵەت لەم کێشەیە ئاگادارە چونکە کێشەکە کێشەیەکی سیاسیەو زۆر گەورەترە لە کێشەی ئەم خێزانانە".

سەبارەت بە گرتن و بێسەرو شوینکردنی بارزانییەکان رژیم زۆر بە راشکاوی راگەیاند و بە بی هیچ پێچ و پەنایەکی ووتی هەموویانم بەرو دۆزخ نارد، ئەوتا سەدام حوسین لە هەمان کۆبۆنەوەی لەگەڵ جەماوەری هەولێر کە دەقی قسەکانی لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (704 15\9\1983) بڵاو بۆتەوە دەڵێت "ئەوان دوو جار خیانەتیان کرد، خیانەتیان بەرامبەر نیشتیمان کرد و خیانەتیان بە بەڵێن" و هەندێ لە وانە ناونرابوون بارزانییەکان، لەگەڵیان دەست تێکەڵ بوون ، سزای توندی خۆیان وەرگرت و رۆشتن بۆ دۆزخ ".

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تر کە ناوی ٢٢ کەسی تێدایە و لە پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە ١٩٨٣\٧\٣١ دەستگیر و بێسەروشوێنکران کە کرێکار و فەرمانبەری کارگەی رستن و چنین بوون لە ١٩٨٣\٨\٧ بە فەرمانێکی کارگێری بە ژمارە(٩\٥\٦\٢٥٢٤ لە ١٩٨٣\٩\٢٩) لە رۆژی ١٩٨٣\٨\٧وا نوسراوە کە" بەپێی فقرە (ها) لە مادەی ٣٤ی یاسای کار ژمارە (١٥١)ی ساڵی ١٩٧٠ و ئاماژە بە نوسراوی دەزگای گشتی بۆ پیشەسازی رستن و چنین ژمارە ٦٠٧ لە ١٩٨٣\٩\٢٢و بە لەبەر چاو گرتنی دابرانی هەموو ئەوە ناوانە کە ناونیشانیان لە کار دیاری کراوە و لە ١٩٨٣\٧\٣١ لە کار دابراوەن و ئامادە نەبووینەوە بە بێ هۆ و لە کارەکانیان و ماوەی زیاتر لە ٨ رۆژیش بەسەر نەهاتنیان تێپەریوە بۆیە بریارمان دا:

1. به کۆتایی هێنان به خزمەتیان له ١٩٨٣\٨\٧

2. رێکەوتی ١٩٨٣\٧\٣١ به رێکەوتی دابرانیان دادەنرێت و ئەو رۆژانەش به نەهاتوو به بێ مووچه (غیاب بدون اجر) بۆیان ئەژمار دەکرێت.

رژێمی بەعس تاکو راپەرین بەردەوام بوو له گرتن و شوێن بزر کردنی بارزانیەکان تەنانەت وای لێهاتبوو هەر کەس جامانەی سوریشی لەسەر بوایه دەستگیری دەکردن بۆ نمونه له ١٩٨٣\٨\١٠ له ئۆردوگای دیانا له کاتی دەستگیر کردنی بارزانیەکان چەند کەسێکی مەسیحی چونکه له دێر زمانەوه دراوسێ ی بارزانیەکان بوون و جامانەی سوریان لەسەر بوو دەستگیر و بێسەروشوێن کران.له وانەش دوو کەس  به ناوی( ئاودیش یوخنا ئاودیش و خوشابه یوخنا هورمز) که خەڵکی گوندی مسیحی نشێنی بێدیال سەر به قەزای مێرگەسوربوون که له١٩٧٨\٧\٣٠ سەربازانی رژێم له دوای سوتاندنی گوندەکەیان بۆ ئۆردوگای دیانا راگوێزرابوون و له ١٩٨٣\٨\١٠ لەبەر ئەوەی جامانەی سووریان لەسەر بوو وەک بارزانیەکان دەستگیر و بێ سەروشوێن کران[84].

له جینۆساید کردنی بارزانییەکان له ساڵی ١٩٨٣ لەهەموو قۆناغەکان ٨٠٠٠ هەشت هەزار رەگەزی نێرینەی بارزانی کۆمەڵکوژکران که ٣١٥ کەسیان مێر منداڵ بوون.

گۆری بەکۆمەڵی بارزانییەکان له باشووری عێراق له بیابانی بۆصیه دۆزراوەتەوه و تاکو ئیستا دوو وجبەیان هێنراوەتەوه کوردستان که یەکەمیان ٥١٢ روفات له ٢٠٠٥\١٠\١٦ و دووەمیان ٩٣ روفات له ٢٠١٤\٣\٦ بوو[85].

له ماوەی شەری نێوان عێراق و ئێران چەندین جار خەڵکی سیڤیلی بارزانی له ئاوارەیی وله دەڤەری بارزانیش دووچاری بۆردوومان و گوند وێران کردن وماڵ سوتاندن بوونەوه ،له سەرەتای سالی ١٩٨٢ ئۆردووگای زۆرەملێ ی گۆرەتوو بۆردوومان کرا بەهۆیەوه ٣ کەس

---

[84].رێبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٦-٢٦٧
[85].د.محەمەد ئیحسان،سەرۆکی تیمی هینانەوەی گۆری بەکۆمەڵی بارزانییەکان

شەهید بوون کە یەکێکیان منداڵێکی ساوای ناو بێشکە بوو،هەروەها ماوەی نیوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٥ و ١٩٨٨ ئۆردوگای زێوە  لە ئێران کە پەنابەری کوردی تێدا بوو و زۆربەیان بارزانی بوون لە لایەن فرۆکەکانی رژێم بۆمباران کرا  کە ١٥٢ شەهید و ٣٧٣ بریندار ی لێکەوتەوە[86].

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨ چەند جارێکی تر دەڤەری بارزان بۆردوومان کراوە ئەو خەڵکانەی رژێم بە زۆرداری رەوانەی  ناوچەی بارزانی کردە بوون هێندێکیشیان بە نهێنی خۆیان گەیاندە بووە ناوچەکە لەترسی بۆردوومان بە رۆژ لە ئەشکەوت دەژیان و بە شەویش دەهاتنەوە ناو گوندەکان.

لە ١٩٨٧\٥\١ تا ١٩٨٧\٥\٢٧ واتە ماوەی ٢٧ رۆژ فرۆکەو تۆپە دوورهاوێژەکانی سوپای عێراق چوار جارژهربارانی بلێ یان کردوە ، سەرچاوەی تریش دەڵێن لە ١٩٨٨\٨\٢٥ لە کاتی کیمیابارانی ناوچەی بادینان لە ئەنفالی کۆتایی ناوچەی بارزان و بەرۆژ و مزوری باڵا بەرهێرشی کیمیایی کەوتوون[87].

لە ناوچەی گەلی رەش و گوندی زەروا بە چەکی کیمیایی چەند کەس شەهید و بریندار بوون و هەروەها زۆر لەو خێزانە بارزانیانەی لە ئەنفالی ١٩٨٨رزگاریان بوو و خۆیان گەیاندە سنوری تورکیا و لە کەمپەکانی( گەڤەر، دیاربەکر، مۆشێ، سلۆپی ومێردین ) نیشتەجێ کران ژیان لەو ئۆردووگایانە سەخت و دژوار بوو هەندێک لەخەڵکەکە خۆیان گەیاندە ئێران، بەشەکەیتریش بۆ ماوەی ٤ ساڵ ژیانیان لەئۆردووگایانە بەسەر برد[88] .

---

[86].بروانە بەڵگەنامە و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە لە پاشکۆ

[87].هەژار عزیز سورمێ،کوردو جینۆساید و ئیبادەکردنهەڵوێستی کۆمەڵگای نێودوڵەتی،بلاوکراوەی د.موکریان،چ.دووەم،هەولێر٢٠٠٦،ل٢٢٩

[88].رێبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٧-٢٧٨

له ساڵی ١٩٩١ كه كۆرەوه مليونيەكه ٢٥٠ منداڵ و پيروپەككەوته له بارزانيەكان لەسەر سنورەكانی ئێران و توركيا و ئۆردووگاكانی بێمزۆرتی، سێگركان،زێوه، خۆی و سلماس و دەوروبەريان گيانيان لەدەستدا[89] .

[89]. رێكارمزوری،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٨

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم : قۆناغی دوای جینۆساید و ژیانی ئافرەتان و منداڵان

لە کاتی دەستبەسەرکردنی نێرینە بارزانیەکان ئەو ئافرەت و منداڵانەی بەدوای هاوسەر و کور و باوکیان چوون تا سەر شەقام بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە لێیاندرا و تەنانەت لە لایەن سەربازەکان تەقەیان لێکراوە، لە ئەنجام چەندین کەسیان بریندار بوون یەکێک لە وانە منداڵێک بە ناوی( شلێر شێخ عومەر ساڵح) بوو کە بەدوای باوکی بە گریانەوە رای کرد و بەر گوللەی سەربازەکان دەکەوێت لە فەقەراتی دەدرێت کە پاش چوار مانگ لە ژێر کاریگەری برینەکە گیانی لەدەستدا[90].

سەرچاوە کوردییەکان دەڵێن ئەو بارزانیانەی لە ساڵی ١٩٨٣دا دەستگیر و بێسەروشوێن کران چەکی کیمیایان بەسەردا تاقی کراوەتەوە[91].

بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێک لە پاش رەشبگیریەکە رژێمی بەعس هەڵسا بە برینی کارەبای ئۆردووگاکان و نەیاندەهێشت ئافرەتەکان لە ئۆردووگا بچنە دەرەوە تەنانەت بۆ بازاریش[92].

هەروەها دەرگای قوتابخانەی ئۆردووگایان بەرورووی قوتابیە بارزانیەکان داخست کە بریارەکە بە نوسراوی ژمارە ٦\٩-٤٣٦٦٣ لە رێکەوتی ١٩٨٣\١٢\٤ لە لایەن بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دراوە. رژێم هەر بەوەش نەوەستا بلکو خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیشی پشتگوێ خست و لە هەمانکات بە شکاندنی بۆری ئاو

---

[90] .رێبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٣
[91] .زوهیر جزائیری،پێش ئەنفال و پاش لە بیرچوونەوە،سەنتەری برایەتی،ژمارە ٢٤،هاوینی ٢٠٠٢،ل٤٧
[92] .میدل ئیست ووچ،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٨٦

گواستنەوەی ئاویان بۆ ناو ئۆردووگا و برینی بڕی ئازووقەیان کە ڕژێم ئەوسا بە هاوڵاتیانی دەدا.

کنعان مەکییە نوسەری عێراقی لە کتێبی دڵرەقی و بێدەنگی دا دەڵێت" ئەو بیرەوشتیەی سوپای گەمارۆدەر بەسەر ژنانی قۆشتەپەی هێنا لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکیان ناوی بارزانی بوو کە سۆمبۆلی گەورەی شەرفی نەتەوەی کورد بوو".

پیلانی ڕژێمی بەعس بەو هەموو گوشارە مەبەستی بێرەوشتکردن و بێ حورمەتکردنی ژنانی بەجێماوەی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بوو بەڵام سەرکەوتوو نەبوون ئەوان خۆراگرو چاو نەترس بوون، لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ دایکانی دوای جینۆسایدی بارزانی ئەنجامم داوە باس لەو ڕۆژە ناخۆش و پڕ لە نەهامەتیانە دەکەن کە دوای بردنی پیاوەکانیان بە سەریاندا هاتووە، لە چاوپێکەوتنێک کە لەگەڵ دایکە ئامینە لە بەحرکە[93] ئەنجامم داوە دەڵێت:" لە دوای بردنی پیاوەکانمان چاو بە فرمێسک شەوان تابەیانی نەماندەوێرا بخەوین، ژنانی بەتەمەن خنجر لەپشت بە نۆرە لە ئۆردووگا پاسەوانیمان دەدا و گەنجەکانیشمان لە چەند شوێنێک پیکەوە کۆ دەکردەوە تاکو نەوەک سەربازەکان و پیاوانی بەعس شەوانە هێرشمان بکەنە سەر و زەفرمان پێ ببن ،ئەو گوتی تاکو ڕاپەرین ئەوە کاری ئیمە بوو بۆ خۆپاراستنمان و بەرۆژیش کارمان دەکرد بۆ پیداکردنی بژیوی ژیانی منداڵەکانمان بە سەربڵندی و لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانە روڵی دایک و باوکمان پێکەوە بۆ منداڵەکان گێراوە و نەمانهێشت خەونی ڕژێمی بەعس بە بردنی پیاوەکانمان بێتە دی کە دەیانویست ببینە ئامێرێک بەدەست حکومەتەوە ..ژیانێکی زۆر سەخت بوو، ڕۆژانە مردنی خۆمان دەخواست، بەڵام لەبەر منداڵەکانمان ژیان و بەردەوام بووین..."

حکومەتی بەعس ئاو کارەبایان لێ بری بوون ،کارێزێک بە دووری یەک کاتژمێر لە ئۆردووگا هەبوو ئەویش لە کاتی هێنانی ئاو سەربازەکان دەهاتنە سەر ڕێگایان تەنکە

[93]،چاوپێکەوتن لەگەڵ() دهۆک،٢٠٠٣

ئاوەکانیان لێ دەرێشتن و تەنەکانیشیان دەقۆپاندەوە ،هەندێک جار بۆ ئەوەی بیانترسێنن لە دوورەوە تەقەیان لێ دەکردن ..پیاوانی بەعس گوندەکانی دوروپشتی ئۆردووگایان ئاگادار کردە بوو کە نابی هیچ کەس ئاو ئازوقە و شتومەکیان پێ بدەن یان پێان بفروشن بۆیە کەس نەیدەوێرا مەگەر زۆر بە نهێنی ، ئەوان دەیانویست ئەوانیش بمرن بە مردنێکی لەسەرەخۆ.

لە ١٩٨٦\٢\٢٢ رژێم هەستا بە راپێچکردنی ئەو ژن و منداڵە بارزانیەکان بۆ سەر سنوری تورکیا و فەرمانیان پێکرا وڵات بەجێبێڵن، تەنانەت بە نوسراوی نهێنی و تایبەت ژمارە ( ٦٧٤٠ لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٦) کە لە لێژنەی کاروباری باکوور دەچووە داواکراوە مافی هاوڵاتی عێراقی بونیان لێیان وەربگێرێتەوە.

هەروەها ئەو ئافرەت و منداڵانەی ئۆردووگای قودس و قادسیە لە قۆشتەپە بە پاس لۆری راپێچ کران بۆ ناوچەی شێروان و ناوچەکانی سەر سنور کە هەمووی مینرێژ کرابوو بە بیانووی ئەوەی کەسو کاریان لە ئێران و تورکیا و ناوچە ئازاد کراوەکانن کە بە پێی زانیارییەکان ٨٩ کێگەی مین لە ناوچەی بارزاندا هەیە ، ئەوانەی تریشیان لە ئۆردووگا گواستەوە شوێنێکی سەربازی لە دەشتێک بە ناوی جدیدە لەسەر رێگای هەولێر –موسڵ[94].

لەماوەی هەموو ئەو ساڵانەی کارو لێکۆلینەوەم لە بواری جینۆساید دا کردوە زۆرترین کارم لە سەر ژیانی ژنانی دوای جینۆساید و رەهەند و کاریگەرییەکان جینۆساید لە سەریان ئەنجامداوە کە ژنانی بارزانیش بەشێکی دانەبراوی بوون، لە لێکۆلینەوەکەم گرنگترین ئەو دەرئەنجامەی پێی گەیشتووم بە تایبەتی لەسەرئافرەتانی کەسوکاری جینۆسایدی بارزانی کە ئەوانەی خوارەوەن:

94.ریبوار رەمەزان عەبدولا،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٣ و٢٧٥

# دەرئەنجام

یەکەم: شاڵاوەکانی جینۆساید وەک زنجیرە تاوان  کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرا بێت، لە وانەش راگواستنی زۆرەملی وجینۆسایدی بارزانییەکان، ئامانجی سەرەکی رژێم تیایدا پاکتاو کردنی نەژادی و بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بووە، ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر نەتەوەی کورد بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی هەروەها زەرەروزیانێکی زۆریشی بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەبێ جیاوازی گەیاند. بۆیەدەبێت لێکۆلینەوەی زیاتر بۆ هەڵدانەوەی ئاسەوارەکانی ئەو تاوانانە بکرێت بە تایبەتی لەسەر کەسوکاری قوربانیان.

دووەم: ژنانی بە جێماوەی جینۆسایدی بارزانیەکان لە دوای تێپەربوونی ٣٣ ساڵ لە بێسەروشوێن بوونی پیاوەکانیان سەرەرای هێنانەوەی ٢ کەرەت لە روفاتی گۆری بەکۆمەڵی بارزانیەکان تاکو ئیستاش چاوەرێی گەرانەوەی باوک و برا وکور و هاوسەرەکانیان دەکەن، تا کو ئیستاش هاوسەرگیرییان نەکردوتەوە ، کە رێژەی (96%) پێك دێنن کە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نادیاربوونی چارەنووسی هاوژینیان و دابونەریتی کۆمەڵگا و هەروەها پەروەردە کردنی مندالەکانیان.

سێیەم: ئاسەواری تاوانەکان بووە هۆی بڵاو بوونەوەی کۆمەڵێك گرفت و نەخۆشی دەرونی کەبە رێژەی (76%) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری نەخۆشی دەرونی وەك دڵەراوکێ، خەمۆکی، ترس، لەهۆش چوون، نەخۆشی جەستە دەروونیەکان (سایکۆسۆماتی)، ...هتد هاتوون).

چوارەم: ئافرەت قۆچی قوربانی هەموو تاوانەکانە و لە شاڵاوی جینۆساید کردنی بارزانییەکانیش ئافرەتەکان ئازار و مەینەتی زۆریان لە راگواستنی زۆرەملی و شەر و

شۆرش و جینۆساید، بەرکەوتووە جا چ ئەوانەی بوونە قوربانی و چ ئەوانەی بەجێماوەن.
پێنجەم: هەموو ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیی کەوتە سەرشانی ئافرەت کە ئەوەش بوەتە هۆی تێك چوون و شلەژانی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی لە ناو خێزانی کەسوکاری جینۆساید چونکە لە پێش جینۆساید سەرپەرشتیاری خێزان رێژەی (٨٩.٢%) لەژێر دەسەڵاتی پیاو بووە بەرامبەر(١٠.٨%) لەژێر دەسەڵاتی ئافرەت بووە، بەلام ئەم رێژەیە لە دوای جینۆساید لە ناو خیزانی جینۆسایدکراوەکان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە بۆتە بە رێژەی (٦.٩٩%) لە ژێر دەسەڵاتی ئافرەت دابووە.
شەشەم: وێرای زەرەرو زیانی گیانی لە شەر و راگواستنی بە زۆرەملی و جینۆساید کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان و دوچاری ئیفلیجی و شلەژانی کرد، چونکە ئاشکرایە گوندو دێهاتەکان کە سەرچاوەی بنەڕەتی داهاتی کوردستان بوون بە گشتی وێرانکران و لە ناوچەی بارزانیش زیاتر لە ١٥٠ گوند وێران کران و سوتێنران لە ناوبردران بەمەش ئابووری کوردستان روی لە کزی کردو بەرەو هەڵدێرچوو.

حەوتەم: راگواستن و جینۆساید و گۆرینی شوێنی نیشتەجێ بوون و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر کلتور و فلکلور وداب و نەریتی رەسەن و ڕەوشت و خەسلەتە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کردوە بۆتە هۆی لە دەستدانی هەندێك لەوبنەما سەرەکیو پتەوانەی کە لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکران خێزانەکان دوای گۆڕانی شوێنی دانیشتن و لەبەر دابڕانیان لە خزم و کەس و کاریان بە ناچاری وازیان لە داب و نەریتی رەسەنی خۆیان هێناوە بەڵام ئەم دیاردەیە لە ناو کەسوکاری جینۆسایدکراوی بارزانیەکان بە رێژەی (٣٧،٧٠) بەدی دەکرێت کە کەمترە لە چاو جینۆسایدکانی دیکە و ئەوان تاکو ئیستاش پابەندن بە داب و نەریتی رەسەن و شێوازی جل و بەرگ پۆشین و کلتورو شێوازی ئاخەوتنی خۆیان.

# پێشنیار و راسپاردەکان

یەکەم: ئاشکرایە کۆمەڵگا لە دوای جینۆساید دوچاری گەلێك گیروگرفت دەبێتەوە کۆمەڵێک رەهەند و کاریگەری تا ساڵانی دورودرێژ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، کە ئەمەش وای کرد بارودۆخ و ڕەوشێکی تایبەتی بەسەر کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان دابێت و دوچاری حالەتێکی نالەبار و ناسەقامگیریان بکات کە تاکو ئیستاش بەردەوامە و چارە سەر نەکراوە، بۆیە لەم روانگەیەوە پێویستە ستراتیژیەتێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردن و نەمانی ئەم ڕەوشە نالەبارە بدۆزرێتەوەو نەخشەو پلانی گونجاوو لە باری پەروەردەیی بۆ دابرێژرێت و تیایدا هەوڵبدرێت بە دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئاسەوارەکانی ئەم تاوانە بنبڕ بکرێت یاخود هەرنا بتوانرێت یاخود هەرنا بتوانرێت کەم بکرێتەوە بێگومان ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەرشانی هەموو کەس و لایەنێك بۆ ئەوەی بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان هەڵبستن و ئەم کارە ئەنجام بدەن .

دووەم: پێویستە ئیستا کە تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان بە گشتی و جینۆسایدی بارزانییەکان کە لەرێگای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق خراوەتە خانەی قرکردنی بە کۆمەڵ (جینۆساید) هەوڵبدرێت لە رێگای دروست کردنی لۆبی کوردستانی و دیبلۆماسیەتی کورد و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە ئەم بابەتە لە کۆڕو کۆبونەوە نێو دەوڵەتییەکان بوروژێنریت و مەزلومیەتی گەلی کورد بۆ جیهان رون بکرێتەوەو ئەوانەش کە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بێ وینەیە هەبووە، بەسزای خۆیان بگەن، بەتایبەتی کە دەبینین ئەمڕۆ چۆن تاوانبارانی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان ئەو حوکمەی بەسەریان دراوە دوا دەخرێت .

سێیەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە ئیستا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دامەزراوە بە شێوەیەکی گشتی دەبێ مشورێکی جدی لە بۆنیانانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچانە بخورێت، بە رێگای دانانی پلان و پێشکەش کردنی پرۆپازێل بۆ بەرهەمهێنانی داهات بۆ کەسوکاری قوربانیان بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە و کۆمپانیاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە وەربگیرێت.

چوارەم: دامەزراندنی دەزگایەکی ئەرشیڤی نەتەوەیی بەمەبەستی پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت وبەڵگەنامەکانی (بینراوو بیستراوو خوینراو)، هەروەها وەکو دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بکات، تاوەکو بتوانێت مێژووی تاوانەکانی کە بە سەر گەلی کوردستاندا هاتووە بۆ نەوەی نوێ بپارێزێت ولە هەمان کات بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تاوانانە کۆبکاتەوەو بە دیکۆمێنتیان بکات.